٨٩١/١٢
(١)
٨٢٧

بەیارمەتی کۆڕی زانیاری کوردی لەچاپ دراوە

٢٦٨
٨٩٦/١٣
٨٢٧

# سێ نیگار

٨٢٧

چیرۆکی : بەلەکاییەف

عەزیز گەردی
لەئینگلیزییەوە کردوویە بەکوردی

١٩٧٦

بەرەزامەندی وەزارەتی راگەیاندن لەچاپ دراوە

٨٥٢

بەیارمەتی کۆڕی زانیاری کورد لە چاپ دراوە

٥٢٩٠

# سێ نیگار

٥٢٩٠

چیرۆکی : بەلەکاییف

عزیز گەردی

لە ئینگلیزیەوە کردوویە بەکوردی

چاپخانەی ڕاپەڕین سلێمانی ١٩٧٦

# — سێ نیگار —

سێ نیگاری جوان و قەشەنگم لە ناو کەل و پەلەکان دا هەیە کە حەڤدە ساڵە وەك یادگارێکی زۆر ئازیز و خۆشەویست هەڵم گرتوون .

ئەم سێ نیگارە شێرینە لەسەر کاغەزی بۆر کێشراون و شوێنی نووشتانەوەیان نەختێ سڕاوەتەوە و لێرەو لەوێ کونیان تێ بووە .. ئەوەش وەنەبێ سووچی من بێت .. نە ... چونکە حەڤدە ساڵ بەر لە ئێستا کە ئەو پەڕە کاغەزانەم کەوتنە بەردەست هەر بەم چەشنە بوون ..

بە دەگمەن وا ڕێك دەکەوێ لە ناو باوڵەکەما دەریان بێنم ، خۆ ئەگەر دەریشیان بێنم ئەوا تا ماوەیەکی زۆر بە دیاریان دەحەژێمەوە و سەرنجیان لێ دەدەم و بە وورد و قووڵی تەماشایان دەکەم ... باوەڕ بکەن ناتوانم بە ئاسانی لەسەریان لا بکەوم و ئەوەندەی دەکەم و ناکەم دەستم ناکرێ بیان نێمە لاوە . وام دەکەونە بەرچاو کە گیانیان تێ دەکەرێ و دەجووڵێنەوە و هەناسە هەڵدەکێشن .. بۆیە هەر تەماشایان دەکەم و تەماشایان دەکەمەوە ...

ڕۆژی وا هەیە ئەوەم بە خەیاڵ دا دێ دەریان بێنم و بە دیواریان وەبکەم ، بەڵام دەستم ناڕوا ، چونکە دەترسم تیشکی ڕۆژ ئەم کۆنە کاغەزانە زەرد هەڵکەڕێنێ و نەخش و نیگارەکان ڕەش کاتەوە و بزریان کات ...

قەت حەزم نەکردوە و قەتیش حەزناکەم لەو نیگارانە داببڕێم و زەریان بکەم ، چونکە جوانترین یادگاری برادەرێکی دڵسۆزی سەردەمی لاویمن !!

براینە !! ئەم نیگارانە چیرۆکێکی زۆر بە سۆزم بۆ دەگێڕنەوە ومنیش حەز دەکەم بۆ ئێوەی بگێڕمەوە :-

# 1

ئەو کاتە ئاگری جەنگ هاڵاوی دەگەیشتە ئاسمان . .

ڕۆژێکیان دوای ئەوەی دەستم لە ئیش بەربوو ، بێڵ و پێمەڕە و تەورو کەسک و خاکەناسم لەسەر تەقچکەی تایبەتی داناو ڕێگەی ئێستگەم گرتە بەر . .

ئەوەندەی پێنەچوو دەنگی هۆڕنی شەمەندەفەرم بە بەرگوێ کەوت . . تەماشام کرد . دەبینم سەرباز بە قاپووتی خاکییەوە بۆ لای فارگۆنەکان هەڵدێن . . . پێش ئەوەی بگەمە ئێستگە ، شەمەندەفەری کەلەگەوێت تێی تەقاند و ڕۆیشت . .

ئەو خەڵکەی لەسەر سەکۆکەوە کەرەسیسەیان کردبوو تا بەینێکی باش هەر دەستیان بۆ شەمەندەفەرە ڕۆیشتووەکە هەڵدەشەقاند . . پاشان دەستە دەستە و تاک تاک لێیان دا بە دەرگا گەورەکەی ئێستگەوە بۆی دەرچوون و بەناو کۆڵانەکانی گوندەکەماندا وەربوون و بڵاوەیان لێ کرد .

کە گەیشتمە ئێستگە ، بەڕێوەبەر ناردییە دووم و بانگی کردم ، ئەم بانگ کردنە ناوەختە بە تەواوی سەرسامی کردم . . بە هیچی خۆم شک نەدەهات . . هەموو کارو کردەوەکانم هێنایەوە بەر چەرخی خەیاڵ . . هیچ هۆیەکی ماقوولم دەستگیر نەبوو . .

سێ ساڵە لەم ئێستگەیەدا ئیشم پاک کردنەوەو گێسکدانی نوختەکانە . . هەردەم نوختەکانم بە پاکو خاوێنی ڕاگرتووە ، هێشتا قسەی کەسم نەهاتۆتە سەر کەس شکایەتی سستی و تەوەزەلی و کەمتەرخەمی لێ نەکردووم . . . دەبێ چ قەومابێ ؟ ! بۆچی بەڕێوەبەر لە دووی ناردووم ؟ بۆچی بانگم دەکات ؟ !

یاریدەری بەڕێوەبەر کە دیتی شەمەندەفەرەکە ڕۆیشت ، ئاڵاکەی نووشتاندەوەو خستییە بن هەنگڵییەوە ، شەپقە ڕەشە خڕەکەی پتر داگرتە

سەر بڕۆکانی و ڕژیشتەوە دایەرەکەی خۆی :

دەستم کەیاندە دەسکی دەرگای ئێستگەوە ، بەڵام پێش ئەوەی بیکەمەوە ئاوڕێکم لە دوواوە دایەوە . . ( بە پێی خوورەوشتی کاملێکی پیاو نابێ لە کاتی ئیش کردن‌دا ئاوڕ لە دوواوە بداتەوە . . لێرەدا من بێ ئەوەی بیر بکەمەوە ، بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ . . ئەم ڕەوشتەی باوك و باپیرانم شکاند )

لەسەر شۆستە چۆڵ بووەکە دا منداڵێکی بچکۆلەم دی بە تاقی تەنیا ڕاوەستابوو . پشتی لە من بوو و چاوی بڕیبووە ئاسمان . بەڕاستی دیمەنێکی سەیری هەبوو . . ساقۆیەکی درێژی لەبەر بوو دامەنی لە زەوی دەخشاو ناوقەدی بە داوە بەنێکی باریك بەستا بوو . . داردەستێکی بەدەق ڕاستەوە بوو و بە ئاستەم خۆی بەسەر دا دابوو . . ئەم دیمەنە سەیرە سەرنجی ڕاکێشام ، خۆم پێ ڕانەگیرا ، ئێستگەم بەجێ هێشت و چوومە لای ، کە گەیشتمە نزیکی‌یەوە ، هێشتا هەر لە لای پشتەوەی بووم لێم پرسی :

« کوڕە ! ئەوە تۆ لێرە چ دەکەیت ؟! بڕۆ هەڕۆوە ئەگینا سەرمات دەبێ . . »

کوڕە وەك پەیکەر لە شوێن خۆی چەقی و ووڕتەی لەدەم نەهاتە دەرێ . . دیار بوو قسەکانی منی بەلاوە هیچ نەبوو لێم پرسی :

« کوڕە ناوت چی‌یە ؟ ! »

دیسان هەر نەجوولایەوە ، دەمی لێك نەکردەوە . . کتوپڕ دیتم دڵۆپە فرمێسکی گەورەو ڕوونی بەسەر ڕوومەتی نەرم و شەکەت‌دا هاتنە خوارەوەو وەك دانە مرواری بەم لاو بەو لای لووتە سەر هەورازەکەی‌دا شۆڕ بوونەوە . .

« کوڕە ! خۆ کەس ئەزیەتی نەداوی ؟ ! »

دیسان وەك بەردی کەڕ .. فزەی نەکردو نەبزووت .

لە دڵی خۆمدا گوتم بزی هەیە ئەم منداڵە کەڕو لاڵ بێت !! دەستم درێژ بۆ کردو قۆڵیم گرت . کوڕە وەك ئەوەی تازە لەخەو هەستابێت ، هەنیشکێکی تیژی تێ چەقاندم و بە لاوەی نام و بە تووڕەییەوە گوتی :

— « بەردە !! .. بڕۆ و لای .. »

+ « چ بووە ؟ چ قەوماوە ؟! .. پێم بڵێ بەتەمای چی لێرە ڕاوەستاوی ؟! »

کوڕە کەوتەوە بێ دەنگی خۆی ..

شەپقەیەکی ڕەشی پڕ لۆچی کۆن و کون کونی لەسەر نابوو .. چاکەتێکی لەبەرابوو ، ئەوەندەی پینە لێ درابوو پیاو بە زەحمەت بیزانیایە چ ڕەنگە . بەو دەم و چاوە چودچ و زەرد هەڵگەڕاوە و ئەو پشتە کۆماوەی سەرما دای چەماندبۆوە دەتگوت پیرە ئیختیارێکی پووخەڵەی بەساڵاچووە ...

داهاتمەوە و دەستم نایە سەر کەرپیلەکانی و سەیرێکی چاوە پڕ فرمێسکەکانیم کردو بەسۆزەوە لێم پرسی :

+ « چاوەڕێی کێ دەکەیت ؟! »

هەناسەیەکی ساردو قووڵی هەڵکێشاو بە چرپەیەکی زۆر نزم و خاوەوە وەڵامی دامەوە :

— چاوەڕێی بابە دەکەم .

+ « بابە ! لە کوێیە ! ؟ »

کوڕە کەوتەوە خامۆشی خۆی .

تاکام لێبوو پرسیارەکەم وەك مار پێی وەدا .. دڵۆپە فرمێسکی وەك بارانی سەر بە قەپووچکە بەسەر ڕوومەتا هاتە خوارەوە ..

+ « باوکت چۆتە کوێ ؟ »

— « چۆتە شەڕ ...... »

که هەستم کرد پرسیارەکەم کارێکی زۆری تێ کرد ، ڕووی پرسیارم بۆ لایەکی تر وەرچەرخاند :

+ « دایکت هەیە ؟ ! »

— « نا ! ! »

+ « ناوی چی‌یە ؟ ! »

— « پێت نالێم ؟ ! »

+ « بۆ پێم نالێی ؟ . »

— « پێت نالێم و ئـەوە . . دەبڕۆ وازم لێ بێنە ! »

( ئۆنتیە فینیا ) ی کارەکەر - پاکەوانی ئێستگە - لەو دەمەدا هاتە لامانو کەچاوی بەمنداڵەکە کەوت بە دڵتەنگی و نیگەرانی‌یەوە گوتی :

« وەیش !! ئەوە چی‌یە ؟ ئەو منداڵە ڕووت و قووتە چۆن ناقەسری ؟ ! »

منداڵەکە سـەرنجێکی قورس و گرانی لێ‌داو دەرپەڕی . . بە توندی بانگم کرد :

+ « ڕاوەستە ! کوڕە ڕاوەستە ! پێم بڵێ ناوت چی‌یە ؟ »

— « من ناوم نی‌یە ! »

+ « ئاخر کەس بێ‌ناو نابێ . . تۆ چۆن ناوت نی‌یە ؟ »

— « دەنا من ناوم نی‌یە ؟ »

زانیم کوڕە دەیەوێ دیسان ڕاپەڕێ‌و هەڵێ . . زوو سەری داردەستەکەیم گرت‌و نەم هێشت بڕوا .

— « پێت دەڵێم بەرمدە با بڕۆم . . دەچمەوەماڵێ . . »

+ « پێم بڵێ ناوت چی‌یـە تـا بەرت دەم بڕۆی ! »

— « ناوم - نیکیان ئیدیان - ە » (١)

---

(١) نیکیان ئیدیان - ووشەبازی‌یەکە مانای - بێ‌ناو - یان - کەس‌نا - دەگەیەنێ .

( ئۆنتیە فینیا ) پرسی :

« ناوی چی‌یە ؟ »

+ « نازانم ! ! »

# 11

که چوومه دایەرەوە ـ میخایل ئەلیکسەندرۆفیچ ـ ی بەڕێوەبەر پێی گوتم :

« بادما ! دانیشە »

ڕووخۆشیو دیمەنی برادەرانەی بەڕێوەبەر هەموو قرتو فرتو دوودڵی ڕەواندمەوە . . بە مەعلانی لەسەر ئەو کورسی یە دانیشتم کە لەبەردەم مێزە سەرپۆش سەوزەکە داندرا بوو .

میخایل ئەلیکسەندرۆفیچ پرسی :

« باشە ! لەگەڵ ئیشەکەتدا چۆنیت ؟ ! »

قیت بوومەوەو وەك سەرباز کوریشکم لەخۆم بڕیو بە شەرمێ وەڵامم دایەوە :

« زۆر باشم ! ! »

بەڕێوەبەر بەگرژی یەوە :

« دانیشە ! دانیشە ! »

خاوێن کردنەوەی ئەو نوختانە بەزستان زۆر ناخۆشو زەحمەتە . . ئەمەسەلە لە ـ سیبریا ـ ش خۆ کە دەیکاتە کرێوەو ڕەشەبا دونیا دەبێتە زمهریرێك بەراز خۆی پێ ڕاناگیرێ . . بەڵام قسەی خۆمان بێ حەزم نەکرد وا پێشانی بەڕێوەبەر بدەم کە ئیشەکەم گرانە . .

بەڕێوەبەر جغارەیەکی دەرهێناو چەرخەکەی لێداو جغارەکەی داگیرساند ، قومێکی گەورەی لێداو کەوارە دووکەڵێکی چڕو شینی بە باداو گوتی :

زۆر باشە ! کەوانە ڕات لە ئیشەکەتە ! »

بە نەرمی تەماشایەکی کردم :

« ئەرێ ؟! گوێ بیست بوویم دەسق ڕەسمت هەیە ؟ وایە ؟! »

+ « بەڵێ ! وایە ، بەڵام کەم . . »

— « هەوکە ! وەختی ئەوە نی‌یە . هێندە خاکی بیت و خۆت نەیەتە بەرچاو . . من نیگارەکانی تۆم دیوە . . . بەرموتیك - پڕی پیشان داوم . »

( بەرموتیك ) سکرتێری کۆمیتەی پارتی‌ی هاتوچۆی شەمەنەفەر بوو . . پیاوێکی زۆر بە تواناو لێهاتوو بوو ، تابڵێی کەمۆو قسەزان بوو ، کە یەکێکی بدواندبایە بە تەواوی دایدەچۆڕاندو چی لە دڵو مێشك بوایە هەمووی پێ ئاشکرا دەکرد و بە تەواوی دەچووە ناو دڵی‌یەوە . جارێکیان کە نوختەکانم خاوێن دەکردەوە ( بەرموتیك ) هاتەلام و دایکرتمە بەر پرسیاران تا هەموو شتێکی لە بارەی ژیانمەوە بۆ دەرکەوت و هیچ نەما نەیزانێ ، بکرە بە ئەلبومە نهێنی‌یەکەشی زانیم و زانیشی چی تێدایە ! ! جەرنەکەی داکرت تا ئەلبومەکەم لەبەر دەم پان نەکردەوە بەرۆکی بەر نەدام . .

دیارە ! ! ئاشکرا دیارە ! ! ئەم سکرتێرە لێهاتووە باسی ئەلبومەکەمی بۆ بەرێوەبەر کردووە .

میخایل ئەلیکسەندرۆڤیچ بێ ئەوەی ئاکاداری بڵاو بکانەوە فەرمانی پێ کردم :

« لە بەیانی‌یەوە تۆ دەبێ ئیشی هونەرمەند ببیی . . »

+ « ئەدی نوختەکانم ؟ ! »

« دەتوانین یەکێ پەیدا بکەین نوختەکانمان بۆ پاك بکانەوە ، بەڵام لێرە هونەرمەندمان دەست ناکەوێ . . »

+ « باشە ! من ئیشم چ دەبێ ؟ »

« ئیشت نیگار کێشان دەبێ ، کە دەستت پێ کرد ، دەست بە نیگاری کاریکاتۆری بکە ؟ »

+ « نیگاری کێ بە کاریکاتۆری بکێشم ؟ »

« - ئانیا پۆسکرێبێڤا - و - ئانیا ڤیشیڤکۆڤا - دەناسی ؟ ! »

+ « بەڵێ دەیان ناسم ! »

« ئەوانە نوختەکانیان باش ئامالن ! »

+ « بەڵێ دەزانم ! لەسەر نوختەکان هەمیشە مشتو مڕو حەفتو هەشتمانە »

« باشە ! پێویستە نەختێ ڕەخنەیان لێ بکرین »

+ « با ببینم ! »

بەهەراسانی دایەرەی بەڕێوەبەرم بەجێ هێشت .

لە ڕێگادا کە بەرەو ماڵ دەبوومەوە . . نە بیرم لە لای قسەکانی بەڕێوەبەر بوو نە بەریشم بە ئیشە نوێیەکەمەوە بوو . . چونکە دیمەنی سەرنج کێشی ئەو منداڵە شەپقە دڕاوە - نیکیان ئیدیان - م هاتەوە یادو لە کەللەی دام و هەراسانی کردم . . ئەو ووشانەی کە دەیگوت : « چاوەڕێی بابە دەکەم » دەهاتن و وەك زەنگ لە گوێم دا دەزرنگانەوە . .

ئەرێ !! دەبێ ناوی راستەقینەی چی بێت ؟ بۆ وا تووڕەو تەنگەتاو بوو ؟ باوەڕم پێ ناکاو ناوی خۆیم پێ ناڵێ !! لە گەڵ ئەوەش دا مەرجی پیاوانە بێ هەر دەبێ بیناسم ، هەر دەبێ ناوی بزانم . . .

# 111

لە ژووری خوێندنەوەی ئێستکەدا کەوتمە ئیش کردن . شەپکە دارێکی تەنکی دوو مەتر بڵندو مەترو نیوێك پانیان بۆ دانابووم . دەبوایە نیگاری دوو کچی تەوەزەل و نوختە پیس و پڵۆخەکانیان لەسەر بکێشم .

پاش نانی نیوەڕۆ شەمەنەفەرێکی تری سەربازی کشایە ناو ئێستکەو دەم و دەستقەلەبالغی یەکی زۆر پەیدابوو ، سەربازورەشەوەندی خەڵك تێکەل بوونو .. هەر بابایە خۆی هەلدەکوتاو بە قەرەبەستانە لە فارگۆنەکان دەچووە پێشەوە . خەونی خۆشیان ئەوە بوو کە چاویان بە خۆشەویستو براو مێردو کوڕو باوكو برادەرو دراوسێ یەکانیان روون بێتەوە و لە ناو شەپۆلی ئەم ســەربازانە بیاندۆزنەوە .. گەلێ سەربازی وایان لەگەل دا بوو کە بێ سەرو شوێن دەسووڕانەوە و ناسیارێك نەبوو پێشوازی یان بکاتو باوەشیان بۆ بکرێتەوە ..

چۆن کە سەرما شکاو بەهار داهات کیسەل قاوغی زستان دەشکێنێ و دێتەوە سەر دونیا ، منیش ئەوسا ژووری خوێندنەوەم دایە دواوەو چووم تەماشایەکی ئەم خەڵکە تێك قژقژاوە بکەم .

که تەماشات دەکرد بە دەست خۆت نەبوو ، دڵت دادەڕزاو هەناوت هەلا هەلا دەبوو . بە دوو چاوی خۆت دەت دیت هەر پیرەژنەو باسك داوێتە گەردەنی سەربازان و هەردو لا رووومەتیان ماچ دەکاتو فرمێسکیان بە سەردا دەبارێنێ !! پیرەمێردەکانیش بۆ ئەوەی جلەوی خۆیان نەدەنە دەست سۆزی هەلچوویانەوە ، لە لاچەپێکا راوەستابوونو بە کزی دەستیان دەپشتەوە کرتبوو !! کچە عازەبو ژنە جاحێلەکانیش هەموو خۆشەویستە- کانیان وە بیر هاتبووەوە و ڤینکە ڤینکیان بوو و دەنووزانەوە ، هەشبوو بە دەم پێکەنینی سەربازەکانەوە دەتریقانەوەو لەگەل نوکتە تالو جەرگ برە- کانیشیان دەشلەژان و تێك دەچوون ..

یاریدەری بەڕێوەبەر لە ئێستکەوە هاتە دەرێ ..

لێم پرسی :

+ « ئەمانە چ جۆرە سەربازێکن ! »

— « مەپرسە ! ئەمە نهێنییەکی سوپاییە ! »

یاریدەر ئالاّ زەردەکەی شەکاندەوە . ، شەمەنەفەر بەرێ کەوت ! !

خەڵکەکە پەرتەیان کرد بەڵام من تا ماوەیەك هەر لەوێ مامەوە . .
کاتێ کە خەریك بووم بکشێمەوە پاش و بگەڕێمەوە ئێستگە ، دیسان چاوم
بە منداڵە بچکۆلەکە کەوت . جاری یەکەم لەکوێم دیت ؟ ئەوجارەش
هەر لەوێ ڕاوەستابوو ! ! بەو پەڕی ڕووخۆشییەوە دواندم :

+ « ڕۆژ باش بۆزە پیاو ! ! »

کوڕە ئەك هەر وەڵامی نەدامەوە بگرە جووڵەشی نەکرد . . دەتگوت
هەر نەیدیوم ! !

ئنجا ، ئەك لەگەڵ من بێت ، بەڵکو وەك ئەوەی وەڵامی بەدی قورس و
سەنگینی مێشکی گوشراوی خۆی بداتەوە بە ئاستەم نووسکەی لێوە هات :

« دیسان ! بابە ! هەر نەهاتەوە ! ! »

بەنیازی ئەوەی کە دڵی بدەمەوەو هێوری بکەمەوە ، خۆم بۆ هەڵقوتاندو
گوتم :

+ « مزگەر هەر دێتەوە . . . »

کوڕە . . تەنیا لەگەڵ ئەو دەنگەدا بەدی کردم و تازە زانی لەوێ
ڕاوەستاوم !

بە چاوە ڕەشەکانی تێی ڕوانیم و لەتەوق سەرمەوە تا نینۆکی پێی
پشکنیم ، کە چاومان لێك گیر بوو . . بە ڕك و کینەوە بۆڵاندی :

« چییە لێم ناگەڕێی ! ! »

بەدەم وەڵام دانەوەوە بەسۆزێکی قووڵەوە لێم پرسی :

« ئەوە چۆن ناتەسری ؟ چۆن ڕەق هەڵناگەڕێی ؟ »

خێرا چاکەتەکەی والا کردەوەو لارانەکانی پیشان دام. سەرەامۆزی پۆتینە دراوەکانی پینەیان لێ دەرپۆق بوو. بەڕوویەکی ترش‌و تاڵ‌و بە شێوەیەکی دوور لەشێوەی منداڵانەوە گوتی : -

— « پێم چووە . . پێم تەزیوە »

+ « وەرە بچین ، خۆت گەرم کەوە . . »

— « لە کوێ ؟ »

+ « لە ژووری خوێندنەوە »

— « ئاخر کێچەڵم بۆ پەیدا دەبێ ! »

+ « کێچەڵت لە کوێ بۆ پەیدا دەبێ ! کێ کێچەڵت پێ دەکا ؟ »

— « بەڕێوەبەر ! ! »

+ « مەترسێ ! ! لەوێ خۆم تەنیام ! ! »

ڕۆیشتم‌و منداڵەکە هاتەدووم . . .

# ١٧

لە ژووری خوێندنەوەدا لە دوورەوە چاوی بە دارەستەکەی کەوت کە لەسەر زەوی فڕێ درابوو ڕای کردە سەرو هەڵی گرتەوەو گوتی :

— « ئەوە هی منە ! ! .

+ « لە تەنیشت سۆبەکە دانیشەو خۆت گەرم کەوە . »

ویستی لەسەر عەرد دابنیشێ ، تەنەکەیەکی ڕەژووی بەتاڵ لەولاوە بوو ، هێنام و دەمەونخوونم کردەوەو پارچە ڕۆژنامەیەکی کۆنم لەسەر دانا . کوڕە لەسەریا دانیشت و پێڵاوەکانی لە پێ کردەوە ، وورده وورده ئەو پەڕووکە دڕوونەی شل کردەوە کە لە پێی خۆی وەرپێچابوو . . سەرنجێکم لە پێیە ئاووساو سوور هەڵگەڕاوەکەی دا . . هات پێی بەسۆبەکەوە بنووسێنێ ، سۆبەکە گەرم بوو . چزەی لە پێی هەستاندو زوو پێی کێشایەوە .

پارچە پەڕۆکێکی ووشکم بۆ هاویشت تا لەبن پێی داینێ ! !

وای بۆ چووم ، ئەگەر بێتەو سۆبەکە گەرمی بکاتەوە ، بۆی هەیە بێتە قسەو گرێی بوخچەی دڵی بکاتەوە ، بۆیە چووم لەتەنیشتیەوە لەسەر ستوولێکا دانیشتم . . بەتیلایی چاوی تەماشایەکی کردم و پرسی :

— « دیسان ؟ ! ! »

+ « نە ! »

— « ناوت چیە ؟ »

+ « بادما ! . . . »

— « ناوێکی خۆشە »

+ « ئەدی تۆ ناوت چیە ؟ »

— « بۆریس ! ! »

+ « ئێ ! ئێ ! دیارە - بۆریا - ی »

— « خۆ مندالۆکه نیم ! »
+ « تەمەنت چەندە ؟ »
— « نۆ‌هۆزۆ . . . »
+ « مانای وایە نازانی تەمەنت چەندە »
— « چۆن نازانم ؟ دەزانم ! بەلام نایلێیم ! »
+ « دەنا ! من حەڤدە ساڵم !! »
کوڕە کەوتە بەر ژماردنی پەنجەکانی ، بەلام پەنجەکانی بایی ئەوەیان نەدەکرد تەمەنی منیان پێ بژمێرێ ! »
لەکۆتایی بەم ئەنجامە گەیشت :
— « تۆ . . . . تەمەنت مام ناوەندی‌یە ! »
+ « دەی ! بە پەنجەکانت پیشانم بدە ، تەمەنت چەندە ؟ ! »
- بۆریا - دەستی پێ کرد پەڕۆکەکەی لە پێی پێچایەوە و بەدەم پێچانەوە گوتی :
— « تۆ سەربازی . . یان نا ؟ »
بە هەشتاو لێم پرسی :
+ « دەچی‌یە کوێ ؟ ! »
— « ماڵێ !! . . »
+ « تەختێکی تریش دانیشە ! »
— « ئاخر ! دایە ، چاوەڕێم دەکا ! »
+ « دایکت ناوی چی‌یە ؟ »
— « نیکیان ئیدیان »
+ « دەنا من دایکم ناوی - پاپرتا - یە . . ئەدی دایکی تۆ ؟ »
— « ئەوەی زۆرزان بێت زوو گەورە دەبێ : »
بێ گومان ئەم قسانە لە منداڵێکی وا نەدەوەشانەوە ، بەلکو بە قسەی

پیاوێکی گەورەو تەواو دەچوون . .

- بۆریا - پۆتینە دڕاوەکانی لێ هەڵکێشا . شەپقە کۆن کۆنە ڕەشەکەی پتر داکرتە خوارەوەو دەســـق دایە داردەستە بەلآڵوو کەکەی و چاوی‌دا دەرگاو ڕۆیشت . . بانگم کرد :

« کە دێیە نیستکە ڕاستەوخۆ وەرە ژووریێو خۆت گەرم کەوە . . »

- بۆریا - وەڵامی نەدامەوەو بە بێ دەنگ ڕۆیشتە دەرێ .

لە پەنجەرەوە سەرم لە دەرەوە هەڵکێشا . . دیتم وەک پیرەمێردێکی پووخەڵە دارێکی بە دەستەوەیە و وورده وورده دەخولێتەوەو بەم لاو بەولا دادێو بەرەو ئاوایی دەڕوا . .



# V

کەلێ شەمەنەفەری سەربازی لە ئێستکەدا ڕاوەستابوون . . لە ڕۆژ هەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشتن . . هێندێ هێندێ ئەو نهێنی یە سوپایی یە ئاشکرا بوو ، کە یاریدەری بەڕێوەبەر نەیدەویست بیدرکێنێ .

لە ڕۆژئاواوە شەڕ نزیکی کۆتایی کردبوو ، ڕۆژنامەکان وایان دەگەیاند کە سوپاکەمان گەیشتۆتە نزیك ـ بەرلین ـ . . ڕۆژ بە ڕۆژ . . چاوەڕێی دوا سەرکەوتنمان دەکرد . بەڵام لە ڕۆژهەڵاتەوە یابانەکان هێشتا هەر بەتوندی دەجەنگان و لەشکرێکیان ناردرابووە سەر بۆ ئەوەی سەرکوتیان بکانەوە . .

هەر لەگەڵ ئەوەدا کەشەمەنەفەری سەربازی گەیشتە ئێستکە ، خەڵکی لە هەموو لایەکەوە دارژانە ناو ئێستکەو هەرچی تەماشات دەکرد هەموو ئەندامی لەشی ئەو ئومێدەی لێ دەچۆڕایەوە کە خزم و کەس و کارەکانی بە بەرچاو بکەوێ و بەدیدەنی یان شاد ببنەوە ! !

- بۆریا ـ ی تازە ناسیاوم چەند ڕۆژێك لەسەر یەك بێ پسانەوە . . کردبووی بەخوو تا ئێوارێ ئێستکەی بە جێ نەدەهێشت ! !

- بۆریا ـ ئێستا لە جاران باشترە . . باش متووم بووە ، بێ ئەوەی بچم بانگی بکەم خۆی دێتە ژووری خوێندنەوەو خۆی گەرم دەکاتەوە . .

# V

کەلێ شەمەنەفەری سەربازی لە ئێستگەدا ڕاوەستابوون . . . لە ڕۆژ هەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیشتن . . هێندێ هێندێ ئەو نهێنیە سوپاییە ئاشکرا بوو ، کە یاریدەری بەڕێوەبەر نەیدەویست بیدرکێنێ .

لە ڕۆژئاواوە شەڕ نزیکی کۆتایی کردبوو ، ڕۆژنامەکان وایان دەگەیاند کە سوپاکەمان گەیشتۆتە نزیك ـ بەرلین ـ . . ڕۆژ بە ڕۆژ . . چاوەڕێی دوا سەرکەوتنمان دەکرد . بەڵام لە ڕۆژهەڵاتەوە یابانەکان هێشتا هەر بەتوندی دەجەنگان و لەشکرێکیان نارد رابووە سەر بۆ ئەوەی سەرکوتیان بکانەوە . .

هەر لەگەل ئەوەدا کەشەمەنەفەری سەربازی گەیشتە ئێستگە ، خەڵکی لە هەموو لایەکەوە دارژانە ناو ئێستگەو هەرچی تەماشات دەکرد هەموو ئەندامی لەشی ئەو ئومیدەی لێ دەچۆڕایەوە کە خزم و کەس و کارەکانی بە بەرچاو بکەوێ و بەدیدەنییان شاد بێتەوە ! !

ـ بۆریا ـ ی تازە ناسیادم چەند ڕۆژێك لەسەر یەك بێ پسانەوە . . کردبووی بەخوو تا ئێوارێ ئێستگەی بە جێ نەدەهێشت ! !

ـ بۆریا ـ ئێستا لە جاران باشترە . . باش متووم بووە ، بێ ئەوەی بچم بانگی بکەم خۆی دێتە ژووری خوێندنەوەو خۆی گەرم دەکاتەوە . .

## V1

دەڵێن کەمنداڵ خواردەمەنی یەکی بەدەستەوە بێ حەز دەکا دەست کەمەی لەگەڵ بکرێ ، منیش دەڵێم تۆ کە ـ کێك ـ ێکت بە دەستەوە بێ زۆر بە ئاسانی دەتوانی منداڵێکی بچکۆلەی پێ ڕابکێشی ! !

لەو کاتەدا ، لەبەر دەمی جەنگ ، خواردەمەنی ڕاستەقینە زۆر کەم بوو و بە دەگمەن دەست دەکەوت . . ڕۆژێکیان داوای تیلمە نانێکم لە دایکم کردو لەگەڵ خۆم دا بردم . که بۆریا هات . پارچە نانەکەم پێشکەش کرد . . ـ بۆریا ـ نانەکەی ڕەت کردەوەو گوتی :

« پێویستم پێ نی یە . . »

بەڵام بە ئاشکرا گوێم لێ بوو ، چەند بە زەحمەت خووزی قووت دەدە . و چۆن دەمی پڕ ئاو ببوو ! !

لێم پرسی :

+ « بۆ پێویستت پێ نی یە ؟ ! »

— « دەتەوێ فێڵم لێ بکەی ؟ ! »

+ « جا من کەی فێڵم لێ کردووی ؟ ! »

کورەکە پارچە نانەکەی وەرگرت . . منیش ڕووم وەرسووڕاندو کەوتمەوە سەر ئیشەکەی خۆم کە دەمە دەمی تەواو بوونی بوو . . ـ بۆریا ـ دڵی کوتایە سەرمو گوتی : ـ

— « ئەوە چ نیگارێك دەکێشیت ؟ »

+ « ئەمە ئیشی تۆ نی یە . . . تۆ نازانیت ! ! »

— « لە ڕاستیدا ! بنیادەمی وا نی یە ! ! تەماشای زمانی کە ، دەڵێی زمانی مانگایە . . . »

سەرم سوڕما ، منداڵێکی وا بچکۆلە لە گوندی کرێکاراندا بژیت و گەورەبێت چۆن دەزانێ زمانی مانگا درێژە ! ! ؟

بە ئەنقەس گوتم :

+ « مانگا زمانیان زۆر کورتە ! »

- بۆریا - گوتی :

– « کەواتە تۆ گێل و دەبەنگیت ! »

من هەر سور بووم لەسەر قسەکەی خۆم :

+ « زمانی مانگا کورتە ! ! »

– « درێژە »

+ « کورتە »

– « درێژە »

+ « چۆن دەزانیت »

– « - گرانداد دەلچی - هاوینان کارانی خەڵک دەباتە لەوەڕو منیش بە کەلی دەکەوم و یاریدەی دەدەم . . . »

سەری ڕەزامەندیم بۆ راهەژاندو گوتم :

+ « کەواتە ، تۆ ڕاستدەکەی ! »

کوڕە وەخت بوو لە خۆشی‌یا پەڕ دەرکاتەو لە هیکرا گوتی :

– « ئای ئەمە چاکە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئیشەکەم دا خەریک بووم ، نەمزانی - بۆریا - باسی چ دەکاتو چ دەڵێ ؟ ! »

بۆیە لێم پرسی :

+ « چ ؟ ! ! »

– « ناتەکە »

کەگوێم لەقسەکانی بوو ، بەمەست خۆم نەبوو تێک چووم . . چونکە بۆم دەرکەوت کەماوەیەکی زۆرە نانی تام نەکردووە . .

+ « دایکت ئیش دەکا ؟ ! »

وەڵامی نەدامەوە . . ئینجا بە دەم هەناسەیەکی ساردەوە گوتی :

« تۆ پیاو خراپ نیت ؟ بادەما !! »

دیار بوو ئەو هەموو دڵسـۆزیو بەزەیی یەی دەرهەق - بۆریا - م دەنواند، کاری تێ نەکردبوو . . هێشتا هەر سەرکۆنەی دەکردم . . ئاوڕێکم لێدایەوەو بە توندی لێیم پرسی :

+ « بۆچ ؟ !! »

— « چونکە کاڵتەو قەشمەری بەخەڵك دەکەی !! »

+ « کێ دەڵێ کاڵتە بە خەڵك دەکەم ؟! ئەم قسەیەت لە کوێ دەرهێنا ؟ »

کوڕەکە بەسەر ئیشارەتی نیگارە کاریکاتۆرەکەی کرد کە تەواوم کرد بوو گوتی :

— « بێ گومان ڕەوای هەق نی یە ، نیگاری بنیادەمێکی ڕاستەقینە بەم چەشنە بکێشیت ؟ ! »

ئەم قسەیەی - بۆریا - سەرسامی کردم ، چونکە هەموو بەهرەو توانای خۆم لەم یەکەم وێنەیەدا خەرج کرد بوو . . . . . .

تانیاو ئانیا ، خۆم ئاسا ، ئیشیان ئەوە بوو نوختەکانیان پاك دەکردەوە . . بەڵام تابلێی تەمبەڵو چەنەباز بوون . کە دەچوونە سەر ئیش دەیان کردە چەمارۆیەکی وا بەریان وەئیشەکە نەدەماو ئیشەکە نەدەڕۆیشت . . لە سای سـەری تەمبەڵیو لەش کرانی ئەوانەوە جارێکیان ئەوەندەی نەما بوو شەمەنەفەرەکە وەرگەڕێو کارەساتێکی گەورە بقەومێ ، چونکە نوختەکانیان بە پوختەیی خاوێن نەکردبوو.وە . . زۆر جار لەکانی ئیش کردنا بە سەریان دادەڕۆیشتمو قرە قرم لەگەڵ دەکردنو بەسەر خۆم دادەشـکاندنەوە . .

ئیستا هاتووم ئەم هەسـتە قووڵ و ڕاستەقینەی خـۆمم بەم وێنەیە دەربڕیوە . . نیگاری کچەکانم بە جۆرێ کێشاوە کە زمانیان بسـتێك ڕاکشاوەو لەو لاوەش ئەو نوختانەی کە پاك کردنەوەیان بە دەسـت ئەوانەوەیە ، لە دەست پیسو پلۆخی هاوار هاواریانە . . .

نازانم ووشـه درو ڕەق و زبرەکانی ئەم منداڵە کچکۆکەیە بۆ ئەوەندە کاریان تێ کردم ؟ و بۆ وا ناخی ناخەوەیان هەژاندم . .

ئەمە باوەڕی خۆیەتی ، نارەزایی بەرامبەر بە نیگارەکانم دەردەبڕێ . . قسەکانی وا ڕادەگەیەنێ کە پیاو نابێ ڕوخساری خەڵك بشێوێنێ و ڕسوایان بکات . . کێ دەڵێ وانی یە ؟ بۆی هەیە ڕاست بکا ! !

دەشـــێ . . . .

لە دڵی خۆم دا بڕیارم دا نیگارەکان بە بۆیاغ بسـڕمەوە . . فڵچە گەورەکەم لە قووتووی بۆیاغ هەڵێنا هاتم بلەندی کەم مەرقەی پێکەنینێکم لە دواوە بیست .

« ها ! ها ! ها ! ئەمە تەواوە . . بەرزە ! ! »

ئاوڕم دایەوە . . چاوم بە ـ یەرمۆتیك ـ ی کوڕە بنە کەوت ، قا قا پێ دەکەنی ، میخایل ـ ئەلیکسەندرۆڤیچ ـ یش لە پشتی یەوە ڕاوەستابوو و پێ دەکەنی . . .

پشیلە چۆن کاتێ کە بەرەو ڕووی سەگ دەبێ خۆی لێ کیف دەکاتەوە . . ـ بۆریا ـ ش ئاوا ، وەك عزرائیلی کەیشتبێتە سەر گیان ، خۆی کیف کردەوە و قەڵەمبازێکی لە خۆی هەڵداو لە دەرگاوە بۆی دەرچوو ، و خۆی بە شەقامە کە دادا . .

ـ یەرمۆتیك ـ بانگی کرد :

« هێێێێ ! ! کوڕە ڕاوەستە ! ! »

میخایل ئەلیکسەندرۆڤیچ پرسی :

ئەوە کوڕە کێ یە ؟ ! »

وەڵامم دایەوە :

+ « ـ بۆریا ـ یە ! . . . ـ بۆریس ـ » »

# VII

ماوەیەك بوو كە دەكەیشتینە یەك ، هەر باسی خنۆكیو مسقو زەفەلی ـ ئانیاو تانیا ـ مان دەكردو حەفتو هەشتمان لە سەر دەكرد . .

كچەكان گفتیان‌دا كە ڕەوشتی خۆیان چاك بكەن ! !

بەلام قسەكەیان نەهێنا جێو نوختەكانیان هەروەكو جاری جاران لە پیسو پۆخلی‌دا دەخنكان . . .

نیگارە كاریكاتۆری‌یەكەی ئەم دوو كچەیان لە شوێنێكی بەر چاوە ئێستگەدا هەلواسی بوو . .

لەشوێنێكی وادا كە سەرنجی هەموو كەسێكیان ڕادەكێشاو خەلك دەمەتەقێیان لەسەر دەكردنو پێیان پێ دەكەنین . . . .

كە كیژەكان چاویان بەم نیگارانە كەوت ما بگرێینو فرمێسك داباریێنن ؟ و بە هەلەداوان ڕایان كردە لای بەڕێوەبەرو لێی پاڕانەوە :

« جەنابی میخایل ! ! پەیمان بێ پەیمان ! ! ڕەوشتی خۆمان چاك دەكەین و شێرانە ئیش دەكەین . . ! ! تەنیا ئەوەندە بكە ، ئەبجارە نیگارە كاریكاتۆری‌یەكانمان دابگرنە خوارەوە ! ! پەیمان بێ جارێكی تر كەمتەرخەمی نەكەین ! ! »

دیارە ! ! من ئەمەم زۆر پێ خۆش بوو ، چونكە ئەوەی دەكەیاند كە نیگارە دەست كردەكانم كاریان كردووە . . بەلام قسەكانی كوڕەكە هێشتا هەر وەكو پشكۆ بە هەناوما دەچزانو دەروونیان دەجۆشاندم . . كوڕە لەو بڕوایەدا بوو هەركەسێ بەم چەشنە شێواوی‌یە نیگاری خەلك بكێشێ ، مەسقووفو ئەهریمەنە ! ! لە دلی خۆمدا هەر لێكم دەدایەوەو دەمگوت :

« ڕاستە ! ! تانیاو ئانیا كچی زۆر قشتو جوانو ناسك بەدەنن ! ! ڕاستە ، نەشمیلو ناسكو نازدارن . ئایا من هەقی ئەوەم هەیە ئەم جوانیە بشێوێنم . . . هەقی ئەوەم هەیە لە بەر چاوی ئەم خەلكی خوایە ڕسوایان

بکەم !! نەخێر ! ! - بـۆریا - گیان ، وا نی یە ، تۆ بە هەڵە دا چوویت .. دەشێ ئەمانە رواڵەتیان جوان بێ بەڵام کە تاوانبار بن پێویسـتە هەوڵ بدەین راستیان کەینەوە . . . »

بەم جۆرە بیرو خەیاڵە دڵی خـۆم دەدایەوەو جۆشی هەناوی خـۆم دادەمرکاندەوە . . .

کە - بۆریا - هات لێم پرسی :

+ « بۆریا ئەوە بۆچ دوێنێ هەڵاتیت ؟ »

— « ئەو زەلامانە پیاوی خراپن »

+ « بۆ ؟ ! »

— « جارێکیان کە لە هۆڵی ئێستگەدا خۆم گەرم دەکردەوە ، یەکێ لەم دووانە هات‌و گوێی گرتم‌و فڕێی دامە دەرەوە . . . تێی هەڵـدامە سەر شەقامی ئەو لاوە . .

+ « دیارە ئیشێکی خراپت کردووە ؟ . »

— « نەخێر !! هیچ ئیشی خراپم نەکرد بوو . . هەر بەوەنـدەش وازی نەهێنا . . پێی گوتم تۆ دزی . . ، باوەر بکە لە وەتی هەم پەتاتەیەك چی یە لە هیچ کەسم نەدزیوە . . . تەنیا دەرۆزە دەکەم »

+ « مەبەستت ئەوەیە . دەچی ، دەست لەبەر خەڵك پان دەکەیتەوە !! »

— « ئەدی چیترم پی دەکرێ !! دایکم نەخۆشە ! »

+ « خوشك‌و برات نی یە ؟ »

- « نەخێر !! ناقانەی دایکمم !! »

+ « ئەدی - گراندا دەاچی - چی تۆیە ؟ ! »

— « خزمێکی دایکمە ! ! »

+ « هەموو پێکەوە دەژین ؟ ! »

— « تـا »»« . . . لەو باوەرە دای کـــە یەکێ لێی قەوماو کەوتە

تەنگانـە . کەس هەبێ خۆی لێ بکاتە ساحیب‌و بچێ لە گەڵیا بژی ؟!»

+ « ئەدی پێشان پێکەوە دەژیان ؟ ! »

— « بەڵێ !! کە دایکم هێشتا نەخۆش نەبوو بوو . یارمەتی - گرانداد دەاچی - دەدا و پێکەوە کارانەکەیان بەخێو دەکرد .. کە نەخۆشیش بوو و کەوتە نوێنەوە من جێی ئەوم گرتەوە ...»

وای لە کاری خوا ... !! منداڵێکی وا کچکە لە جیاتی ئەوەی بچێ تۆپانێ بکات و لە دوای منداڵاندا هەڵبەزێ !! . هانبووە لای مـن و وەك پیاوێکی تەواو لە تەنـگ‌و چەڵەمەی ژیان دەدوا ... لـەو رۆژەوە من و بۆریـا لە برادەر زیاتر بووین ... بووینە ! برا ، برا .



## V111

ـ شارکا ـ ی دایکی ـ بۆریا ـ لەسەر چوارپایەکی دار دانیشتبوو ، خۆی وێك هێنابووەوەو جاجمەکەی بەسەر شانی داهێنا بووەوەو لە خۆی لوول دابوو . . .

ـ بۆریا ـ هەڵی کوتایە لای دایکی‌و لێ‌ی پرسی :

« ئۆدە ! چایەکەت خواردەوە !! »

« نا ! ! کوڕم . . خواردمەوە . . . »

« پەتاتەکانی ناو جامەکەت خوارد ؟ ! »

« نا ! ! . . ئەوانیشم خوارد . . »

بۆریا باش ئەم گفتوگۆیە وەك ئەوەی تازە مێشی بەبیر هاتبێتەوە رووی کردە دایکی‌و پێ‌ی گوت : ـ

« ئۆدە ! ! ـ بادما ـ ی برادەرمت پێ دەناسێنم . . »

ـ شارکا ـ بە ئاستەم هەناسەی دەهات و دەچوو .. سەری‌هەڵبڕی‌و گوتی :

« براکیان ! ! ـ بۆریا ـ هەمیشە باسی تۆ دەکا . . تۆخوا ئاگات لە کوڕە هەژارو بچکۆلانەکەم بێ . . . کوڕی ئاقانەمەو جگەر گۆشەی ئازیزو خۆشەویستمە . . . »

دڵنیام کردو گوتم :

« خوشکم ! ! خەمت نەبێ ! ـ بۆریا ـ کوڕێکی زرنگ‌و هوشیارە . . »

ـ بوریا ـ حەزی لێ نەبوو پێ‌ی هەڵبلێم ، سەرنجێکی ساردی لێ دام‌و ویستی شتێ بڵێ . بەڵام گێڕایەوەو ئەی درکاند ، چوو لە دایکی نزیـك بووەوە و لە تەنیشتی‌یەوە دانیشت و بە دەنگێکی پڕ سۆزەوە پرسی :

« ئۆدە ! ! . پشتت سارد نی‌یە ؟! »

بە چاکی جاجمەکەی بە سەر پشت دادایەوە . .

ـ شارکا ـ هاتە دەنگ و پرسی :

« برا تۆ خەڵكی ناوچەكەمانیت ؟ ! »

« هی - باروون - م »

- شاركا - هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشاو گوتی : -

« كەواتە دراوسێی یەكتر بووین .. ئێمەش خەڵكی - نیتسیان - ین .. »

وەڵامم دایەوە :

« نا ! سی ٣٠ كیلۆمەترمان لە نێوان دا بووە . . »

« ئەدی ئێستا لە كوێ دەژی ؟ ! »

« لێرە ! پێش چوار مانگ لە ئێستگەی - كۆسولكا - وە گوازراینەوە ئێرە . . »

« بۆیە . . . بەر لە ئێستا . . . لە ئێستگەكەمان دا نەمدیوی . . »

- شاركا - ویستی قسەی تر بكا ، بەڵام كۆخەیەكی توندو تیژ قسەی پێ بڕی .. - بۆریا - ، سووك خۆی كووڕ كردەوە بن چوارپایەكەو قوتوونێكی بەتاڵی دەرهێنا . . .

ماڵاواییم لە دایكی - بۆریا - كردو چوومە دەرێ . . - بۆریا - بە گەڵم كەوت . . منیش ئەم پێشنیارەم پێشكەش كرد

+ « با بچینە ماڵی ئێمە . . . »

- بۆچ بچینە ماڵی ئێوە ؟ ! چ هەیە ؟ ! »

+ ئەوا من دایكتم دیتو ناسیم . . دەبێ تۆش بێی دایكم ببینی . . »

بۆ ئەوەم بوو بیبەمە ماڵەوەو وا بكەم دایكم كوڵی بۆ بكات و سەری بشواو جلو بەرگی پینە بكا .

- بۆریا - بەپێنێك داماو كەوتە دەریای بیرو لێكدانەوە . . لە پاشان گوتـــی :

- « نۆ ! ! زۆر باشە با بچین . . »

تازە لە كۆڵانەكە وەر سووڕابووینەوە كە تووشمان بوو بە تووشـــی

— ئۆزنتیە ڤینیا — . .

بۆریا ـ کە چاوی پێ کەوت وەك سووسکە سوورایەوەو خۆی هاویشتە پەنای منەوە . .

« ئەرێ ـ کوڕە کالمیکی‌یە بچکۆلەکە لێرەیە ؟ »

« کامە ؟! »

« خۆت دەزانی . . ئەوەی . . . . . »

« مەخسوودت ـ بۆریا ـ یە ؟! »

« ئا . . »

شەقاوێکم بۆ لاتەنیشتەوە هاویشت‌و گوتم :

« ها ئەوەتە . . »

ـ ئۆزنتیە ڤینیا ـ وەك دایکێکی جگەر سۆزو میهرەبان خۆی لە منداڵەکە روو کردو رای کێشاو گوتی :

« هاتوومە دوو تۆ . . . »

ـ بۆریا ـ خۆی بۆ شل کردو بەکەڵی ئەو قەیرە ژنە کەوت‌و بە چاو هێمای بۆ کردم کە منیش بچم . .

بە بیرم هاتەوە کە هەندێ ئیشم ماوە لە ئیستگەکەدا بیان کەم . . .

بەڵام بڕیارم دا کە دوایان بخەم بۆ هەڵێکی تر . . . چونکە زانیم ئەگەر ـ بۆریا ـ بەتاقی تەنیا بێ هەستی دەشڵەقێ‌و هەم جۆرە دڵنیا نابێ کەسێ لە گەڵ دابێ . . .

ـ ئۆزنتیە ڤینیا ـ تەشتێ کوڵێی پڕ ئاوی شیرتێن کردو کوڕەی رووت کردەوەو بە خورتی هاویشتی‌یە ناو تەشتەکەوە و جلەکانیشی فڕێدایە ناو لەگەنێکی پڕ کەف . . کە ـ بۆریا ـ دیتی جلەکانی تەڕ بوون . . بە لێوە لەرزەوە هاواری کرد :

« جا چۆن بەبێ جلو بەرگی بچمەوە . . ؟! »

« کە جلەکانت وشك بوونەوە ، ئەو کاتە دەتوانی بچیتەوە مالی . . »
- بۆریا - فیتەیەکی دریژی راکیشا . .
- ئۆنتیە فینیا - سەرزەنشق کردو گوتی :
« لە مالەوە فیتە رامەکیشە . . گوناحێکی زۆر گەورەیە ! »
کە — بۆریا — ی شوشتو خاوینی کردەوەوە ، لەو پالتۆ سەربازی یەی وەرگرت کە لە پاش مەرگی کورە تاقانەکەی بۆی مابووەوە و بردی لە سەر چوارپایەکەی دانا . .
کاتێ کە پەتاتەیەکی بە دەستەوە بوو دەی خوارد و چاوی بەم لاو ئەو لادا دەگێرا ، گوتی :
« پەتاتەی گەرمو شیری سارد . . محم . . محم . وای چەند خۆشە . . »
— ئۆنتیە فینیا — پێی گوتم :
« بادما ! پەرداخە شیرێکی بۆ تێکە . . »
چوومە لای کورەو لێم پرسی :
+ « بۆچ ناوی راستی خۆتت پێ نەدەگوتم ! ! »
— « پیاو نابێ متمانە بە هەموو کەس بکات . . »
+ « بۆ ؟ ! ! »
— « چونکە لەم دنیایەدا ، پیاوی خراپ لە پیاوی چاك پترن . . »
+ « بیبرەوە کێ ئەمەی دەبەر دەم نای ؟ ! »
— بۆریا — کەمێ بیری کردەوە ئاخۆ وەلام بداتەوە یان نا . . . لە ئەنجام دا گوتی :
— « گراندادـ دەلچی دەلێ : نابێ متمانە بە خەلك بکەی . مار بەئاشکرا ژەهری بە کۆلەوەیە و بە خەلـــك وەدەدا ، بەلام خەلـــك لە پەناوە ژەهریان شاردۆتەوەو لە بنەوە پێ وەدەدەن . . »
— ئۆنتیە فینیا — کە گوێی دابووە گفتو گۆکەمان ، پر بە دەم لەم لاوە

دەگری‌یەوە . . .

پەنجە کچکەو ناسك‌و باریکەکانی گوڕەم بە توندی داگوشی‌و گوتم :

+ « - بۆریا - ! وانی‌یە . . بە هەڵەدا چوویت . . پێویستە متمانە بەخەلك بکەی . . . »

— « من متمانە بە تۆ دەکەم‌و باوەڕم بە تۆ هەیە ، بەڵام شەرت بێ چیتر متمانە بە - گرانداد دەلچی - نەکەم ! . . . »

+ « بۆچ متمانەی پێ ناکەی ؟! »

— « چونکە هەڵی خەڵەتاندین !! »

+ « چۆن ؟ »

— « - گرانداد دەلچی - کنفی پێ داین کە دوای ئەوەی شەرتمان هەڵات وە لە کاران لەوەڕاندن بووینەوە ، فەردە پەتاتەیەکمان بۆ زستان بداتێ . . کەچی ئێستا ئەوە بەهارەو چەنـد جار رووومان لێ ناوەو داوامان لێ کردووە . . هێشتا هیچ پەتاتەی نەداوینێ . . »

دەستم لە پشت داو پێم گوت :

+ « هیوات نەبڕێ !! دەبێ پەتاتەتان هەر بداتێ . . »

رۆژێنکیان ـ بۆریا ـ پێی را گەیاندم :

— « پێویستە خۆم بژێوی بۆ خۆم پەیدا بکەم . . »

بە واق ورماوی‌یەوە لێم پرسی :

+ « چۆن دەتوانی بژێوی خۆت پەیدا بکەی ! ! »

— « منیش هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە . . دایکم هێدی هێدی وا چاکتر دەبێ . . ئەگەر شتێ هەبێ بیخوا . . دەتوانێ هەستێتەوە . . »

ئەم قسانەی کورە بە تەواوی پەست و دڵتەنگیان کردم . . بیرم دەکردەوە ئاخۆ چۆن بتوانم بە کەڵکی بێم و چ ئامۆژگاری‌یەکی پێشکەش بکەم ؟!

لەم کاتەدا ـ بۆریا ـ بە ساردی گوتی :

— « ئەمڕۆ ! دادە ! ! چای خواردەوەو هیچ‌نەشتێ بوو لەگەڵی ئاوا بکات !! »

کەوتمە لێکدانەوە . ئاخۆ چۆن بتوانم یارمەتی بـــدەم و لە کوێوە خۆراکی بۆ پەیدا بکەم . . ؟

ئا لەم کاتەدا پیرە ـ کولاکۆف ـ ی دارتاشی ئێستگە هاتە ژووری . ـ بۆریا ـ وەك پشیلەیەك کە جێنجرۆکی خۆی بکەزی (۱) هەناســەی راگرت . .

کولاکۆف هاتە قسەو گوتی :

« بیستوومە نیگاری من دەکێشی ! ! . . هاتووم چاوێکی بدەمێ !! »

لە شەرمان سوور هەڵگەڕام . . . نیگارە کاریکاتۆری‌یەکەی پێشوو کاری لە ئانیاو تانیا کردبوو . . ئێستا بە چاکی ئیش دەکەن و نوختەکان بـە پاك و خاوێنی رادەگرن . . رۆژێنکیان ـ میخایل ئەلیکسەندرۆفیچ ـ بانگی کردم و فرمانێکی نوێی پێ سپاردم . . گوتی :

ـ کولاکۆف ـ ی دارتاش فێربووە لە کاتی دەوام مێزو کورســی و

---

خوازە ـ استعارە ـ یەکی کاملیکی‌یە . مانای ترسان دەدات

کانتۆری زیادە دروست دەکا .. پێویستە نیگارێکی کاریکاتۆری بۆ بکێشین ..
جا بۆ ئەوەی بتوانم بەووردی نیگاری - کولاکۆف - بکێشم چەند
جارێک لە وەختی ئیش کردندا چوومە لای و سەرنجم لێداو چەند
- مسودە - یەکم دروست کرد ...

کە دارتاشەکە هاتە ژوورەوەو چاوی بەنیگارەکە کەوت قاقا پێکەنی !! :-

« خراپ نی یە .. تەنیا ئەوەندە هەیە لووتەکەم زۆر گەورەیەو لە جیاتی ئەوەی بۆنی پارە بکەم ، چاکتر وایە پارەم لە دەست بێ و بیژمێرم .. »

نیگارەکەم بەم چەشنە کێشا بوو کە پیرەمێردێک لەسەر چەند کورسی و مێزو کانتۆرێکی گەورە دانیشتبوو ، کەپووی راکێشابوو دەورو پشتی خۆی بۆن دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ بۆنی پارە لە کام لاوە دێت ...

- کولاکۆف - پشتی سەری خۆی خولاندو گوتی :

« پیاو راست بێ باشە ، ئەلهەقا نیگارێکی خراپ نی یە .. هەرچەندە ئەو هەموو شتەی تێ دا نی یە کە دەبوایە لە ژیانی راستەقینەوە وەربگیرێ ... بەلام من پێم ناخۆش نی یە .. تا ئێستا هیچ کەس نیگاری مـــنی نەکێشاوە .. شایەنی سوپاسیت .. جگە لەمەش خەلکی کە چاویان بە نیگارەکەم دەکەوێ پتر ئیشم پێ دەسپێرن و ئەمەش لە هەمووی چاکترا!!! »

پیرەمێرد ، دووبارە ســــەرنجێکی ووردی لە کاریکاتۆرەکەدا .. ئەم جارەیان ئەو تێبینی یەی دەربڕی :

تەنیا ئەو مێزانە پێچکەیان خوارە .. من هەمیشە پێچکەی راست بۆ مێزەکانم دروست دەکەم .. لە رێی خوا ئەم پێچکانە بگۆرە .. ئەوەك خەلك وا بزانن کە من لە راستەقینەش دا هەر بە خواری پێچکەی مێزەکان دروست دەکەم ... دەبێ بیان گۆری ! ها ! .. پێویستە ئەختێ زەمیەت هەبێ لە کاتی ئیش کردن دا ... کە ئیش دەکەی تۆزێ خۆشەویستی لە ئیشەکەت دا بتاوێنەوە ، جا هەرچی دەکەی بیکە .. مسۆگەرت بێ زۆر

جوانو بێ خەمش دەردەچن ... سوپاسیشت دەکەم بۆ ئەو فیکارانە . »

- کولاکۆف - وای گوت و فەروەکەی والآ کردەوە و لەناو بەرگــی پانتۆرە بە تزپچەو ئاوزینەکەیدا پەریاسکێکی لە رۆژنامە وەرپێچراوی دەرهێناو لەسەر مێزەکەی دانا و گوتی :-

« ها !! فەرموو . ئەمە دیاری منە بۆم هێناویت ! »

پێش ئەوەی دەرفەتم بدا قسەیەکی لەگەڵدا بکەم لێیدا رۆیشتو لە بەر چاو بزر بوو ..

- بۆریا - چاوی بڕییە پەریاسکە - دیاری - یەکەو پاشان سەرنجی بۆ لای من گواستەوە ..

دەستم برد ، پەریاسکەکەم هەڵگرت و کردمەوە ، دوو پارچە نـان و پارچە گۆشتێکی قەڵەوی بەرازی تێدا بوو .. وەك جاران پێچامــەوەو پەریاسکەکەم دایە دەستی - بۆریا - ..

## - X -

- بۆریا - هەر وەکو جاران هاتە ئیستکەو بەشەمەنەفەر راکەیشت کەوتەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکی . .

کاتێ کە شەمەنەفەر بەڕێ کەوت و ڕۆیشت بۆ ماوەیەکی زۆر ، بازی چاوەکانی بەردایە شوێنی‌یەوە تا بە تەواوی دووکەڵەکەی لە چاو بزربوو . .

لەم کاتانەدا من بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ ڕۆژێ بێ ، باوکی بگەڕێتەوە . . .

جارێکیان - بۆریا - لێی پرسیم :

— « بادما ! لەو باوەڕە دای باوکم بەزیندوویی بگەڕێتەوە ؟ ! »

بەگەرمی ، بە دەنگێکی پڕ بڕواوە وەڵامم دایەوە :

+ « چۆن ناگەڕێتەوە ؟ ! دەبێ هەر بگەڕێتەوە . . . »

- بۆریا - لەبەر شەونمی ئەم ووشە خۆشانەم دا ڕوومەتی وەك گوڵ گەشایەوە . . .

لەناکاو پرسی :

— « بادما ! باوکم دەناسی ؟ ! »

+ « ئەدی چۆن نایناسم ! ! »

— « پێت سەیر نەبێ کەمن باوکم ناناسم . باوکم پێش ئەوەی ئاگری شەڕیش دابگەوێ چۆتە ریزی سوپاوە »

+ « چ وێنەیت دەست نەکەوتووە ؟ ! »

— « با . . زۆر بە من دەچی ! ! »

بەردەوام هەولم دەدا کە - بۆریا - بەڕاست و دروستی بیرەکانی دەرببڕێ . . کە جاروبار زمانی هەڵدەنگوت و هەڵەیەکی دەکرد راستەو خۆ بۆم چا دەکردەوە . . هەندێ جار پێ‌بەست دەبوو ، بەڵام بەزۆری هەر بەگوێی دەکردم و قسەی نەدەشکاندم . .

- بۆریا - لاپەڕەکەی وەرگێڕاو باسەکەی بردە لایەکی تر :

— « ئەریّ دەشتی - کالمیك - ت دیوە ؟ ! »

+ « بەڵێ دیومە . . بۆی هەیە تۆش دیتبیت ؟ وانییە ؟ »

— « بەڵێ . . بەمنداڵی دیومە . . زۆرم مەراقە دیمەنی ئەم دەشتەم بێتەوە بیر بەڵام چ بکەم نایەتەوە یادم . . دایکم زۆر جار باسی ئەم دەشتە پانو بەرینو فراوانەم بۆ دەکا . . تۆخوا ئەگەر تۆش بەچاکی باسم بۆ نەکەی ! ! . . . »

وای گوتو باسکەکانی هاویشتە سەر مێزەکەو سەری خستە سەر باسکییەوەو بەتوڵاخی گوێی بۆ قسەکانم شل کرد . .

## — X1 —

ڕۆژێکی تر - بۆریا هات‌و گوتی :

— « دەمەوێ پێمە گۆرانی بێژ »

+ « لە کوێ گۆرانی دەڵێی ؟ ! »

— « لە ئێستگە . . . کاتێ کە شەمەنەفەرەکانی سوپا دێن .

ئەمزانی مەبەستی چی‌یە لێم پرسی :

+ « بۆچ دەتەوێ گۆرانی بڵێی ؟ »

— « دەمەوێ بژێوی خۆم پەیدا بکەم . . »

هەناسەیەکی ساردو بێ‌بنم هەڵکێشا . .

- بۆریا - گوتی :

— « دەبێ ! دادە بەسەر پێ بێنمەوە . . ئەگەرنا خراپتر دەبێ . . . »

زۆر بە پەستی‌و دڵتەنگی‌یەوە بیرم کردەوە ، بیرم لەوە کردەوە کە بۆی هەیە ئەم منداڵە ، لەمە زیاتر چی‌تری لەدەست نەیێ . . .

+ « دەتوانی گۆرانی بڵێی ؟ »

— « بەڵێ ! ! دەتوانم . . . »

+ « باشە ! کەواتە تێ هەڵکە گۆرانی . . »

— « هۆ . . . دەتەوێ پێم پێ‌بکەنی . . »

+ « جا توخوا من قەت پێت پێ‌کەنیوم ؟ ! »

— « هەردەم لەووشەکانم دانووساوی ! »

کەوتمەوە دروست کردنی ئەو دروشمەی کە لەبەردەستما بوو . . .

- بۆریا - چاوی لە ئیشەکەما جودا نەدەکردەوە . . ئاگام لێ بوو ووردە ووردە لێوی دەجووڵاندەوەو پستە پستی بوو ، دەرکم بەوە کرد کە خەریکە ووشەی گۆرانی‌یەکانی لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوە . .

لێم وەرسووڕایەوەو بەهێمنی چرپاندی‌یە گوێم :

— « باشە گوێ بگرە ! ! »

لەسەر وێنە کردنی دروشمەکە بەردەوام بووم .. زۆر بەووردی پێیەوە خەریك بووم و ووشە بە ووشە دەرم دەهێنا .

هەر ئێم نەگەڕاو وەڕسی کردم :

— « دەڵێم .. گوێ بگرە ! ! »

سەرم لەسەر وێنەکە هەڵگرت و ئاوڕم لێدایەوە ... - بۆریا - دەستە بچکۆلەکەی نایە سەر سینگ و خۆی بۆ پێشەوە چەماندەوەو هەڵی کردە گۆرانی :

« بریسکانەوەی شـــەونم لەسەر گیا »

« وەك بریسکانەوەی ئەڵماسی ڕێك وایە »

« بەڵام دوو چاوە شینەکەی تۆ »

« لە ڕۆژو لە گیاش بریقەدارترن .. »

کوڕە ئەم کۆپلەیەی تەواو کرد و ڕاوەستاو گوتی :-

— « بەلاتەوە چۆنە ؟ ! »

+ « خراپ نییە .. ئەوەندە هەیە کە گۆرانی دەڵێی ، دەبێ بەدەم گۆرانی گوتنەوە هەڵپەڕیت و دەست ڕاوەشێنیت .. ؟ »

— « ئەدی ، ئەگەر نەزانم چۆن هەڵپەڕم .. »

+ « پێویستە خۆت فێرکەیت ! ! »

— « کەواتە .. تۆ ئاوازەکەی بڵەرێنەوەو منیش بە گوێرەی ئاوازی تۆوە تێ هەڵدەکەمە گۆرانی .. »

+ « ئاوازی بەتەنیا .. نازانم .. »

— « وای ئەمری .. دەبەنگ .. لە کوێ گەورە بووی ؟ »

- بۆریا - بە گەرمی دەستی پێکردو قۆڵەکانی بەم لاو ئەولادا دەبرد دەتکوت هەڵزیەو باڵ لێك دەدا بـۆ ئەوەی بفڕێ .. منیش زیاتر

هانم داو گوتم :

+ « ئافەرین ! ئافەرین ! پێویستە لنگت با بدەیتو بە گور لەسەر یەك بسووڕێی . . . . »

لەو دەمەدا - بەرمۆتیك - كردی بە ژووردا ، - بۆریا - لە گەرمەی سەماو هەڵپەڕكێدا بوو . . پشتی كەوتبووە لای دەرگاو ئاگای لە هاتنی سكرتێری كۆمیتەی پارتی نەبوو ، ویستم پێی بڵێم كە ڕابوەستێو هێور بێتەوە بەڵام - بەرمۆتیك - پەنجەی شادەی نایە سەر لێوەكانی یەوەو بەبەر لوونكەی كەپوودا سەر هەورازی ڕاگرتو بەم هێمایە تێی گەیاندم كە ووس بمو كوڕە ئاگادار نەكەمەوە . .

كە - بۆریا - لەسەماكەی بووەوە ڕووی پرسیاری تێ كردمو گوتی :

« باشە بەڵاتەوە چۆنە ؟ ! . . »

لەگەڵ ئەوەشدا كە - بۆریا - پرسیاوەكەی بە - كالمیك - ی ئێ كردم ، - بەرمۆتیك - لەولاوە ڕاڵێ بوونی خۆی پیشانداو هاواری كرد :

« زۆر باشە ! . بەرزەەەەە . . . »

كوڕە ، لەگەڵ ئەم دەنگەدا ڕاچڵەكیو بازێكی لە خۆی هەڵداو دەرپەڕییە پەنا سزیەو خۆی لەوێ مات كرد . .

- بەرمۆتیك - چووە سەر سەریو شەپقە ڕەشو كون كونەكەی لەسەر كردەوەو بە نەرمی دەستێكی بە پرچا داهێناو گوتی :

« خۆت مەشارەوە . . وەرە دەرێ ! ! . . »

- بۆریا - لە شەپقەكەی ڕوو ماتو وەك قاوی فڕاندبێ بۆی دەرپەڕی . .

یەکەم هونەرنواندنی - بۆریا - سەرکەوتنێکی زۆری بۆ هێنا . . سەربازەکان دەیان فڕاندو دایان دەکێشایە ناو قارگۆنەکانو لەوێ کرمتە شەکرو چوکلێتیان لە باوڵە دارینەکاندا دەردەهێناو دەیان دایێ . .

ناوی « بۆریا ! بۆریا ! بۆریا ! » لە هەموو لایەکەوە دەنگی دەدایەوەو هەموو سەربازەکان دەیانەویست خواردنی لەدەست بنێنو دایکوشنە باوەشو ماچی بکەن . .

هەر یەکە شتێکی دەردەهێناو دەیدایێ ، ئەوەندەیان شت بە سەردا باراند هەموو بەرگو باخەڵەکانی لەخواردن هەڵخنرا . . ئەفسەرێکی سمێڵ قیت قوتوویەکی گۆشتی کوڵاوی پێدا . . سەربازێك لەو لاوە چاوی لێبوو کە چ جێی نییە قوتووە گۆشتەکەی لێ دابنێ ، بوخچەیەکی لە کراسەکەیا بۆ دروست کردو کەلو پەلەکانی ناو بەرگو باخەڵەکانی - بۆریا - ی دەرهێناو خستییە ناو بوخچەکەو چمکەکانی هێناوە یەكو گرێی داو دایە دەستییەوە .

کە شەمەنەفەر بەرێ کەوت . . - بۆریا - زۆر بە زەحمەتو بە نقەنق بوخچە داگیراوەکەی پێ خرایە کۆڵ . . و بەو پەڕی شادمانیو دڵخۆشییەوە هاتە ژووری خوێندنەوەو بە خەنی خۆشییەوە گوتی :

— « ئەوجا . . . دایکم نامرێ . . »

نەختێك دەستی لە بوخچەکەی وەردا و چەند چوکلێتێکی دەرهێناو لەبەردەم منا لەسەر مێزەکەی داناو گوتی :

— « ئەمە بۆ تۆ . . »

دیارییەکەم ڕەت کردەوەو گوتم :

+ « برالە . . سوپاس . . نامەوێ »

— « هەڵبەتە ، وەریان دەگریت . . »

ئنجا پێی گوتم :

— « ئێستا چاوەکانت بقوچێنە ! »

چاوەکانم قوچاند . .

— « دەمت بەش کەوە . . »

دەمم کردەوە ، ـ بۆزریا ـ هەندێ شتی شیرین و بەتامی هاویشتە ناو دەمـەوە . . .

ئنجا پەنجەی بۆ بوخچەکە درێژکردو گوتی :

— « حەزت لە هێشتایە ؟ . »

بە توندو تیژییەوە گوتم : « نا » و ویستم هەموو چوکلێتەکانی لەسەر مێزا بەلاوە بنێم و بیانخەمەوە ناو بوخچەکەی . .

کوڕە خۆی چەماندەوە سەر بوخچەکەی بۆ ئەوەی گرێی داتەوەو دای پۆشێتەوە . . دووبارەی کردەوە گوتی :

— « دەبێ هەر هەڵیان گریت . . . »

ـ بۆزریا ـ م تێگەیاند :

+ « خوڕەووشتی ـ کالمیك ـ ی رسوا مەکە ، رەوشتی کالمیکی وای دەوێ کە پیاو یەکەم دەسکەوتی بەتەواوی بباتە ماڵەوە . . . »

— « توخوا ! ! بە راستتە ؟ . »

+ « ئەدی چۆن ! »

ـ بۆزریا ـ چیتر جەنەی دانەگرت و راست بووەوەو گوتی :

— « دەچمەوە ماڵێ . . دایە چاوەڕێم دەکا . . »

## - X111 -

ڕۆژی پاشـــی - بۆریا - بە دەرکەوت ، کیسـەیەکی هاویشـتبووە
سەرشـانەوە . . و داردەستە بەلاڵوکەکەی گرتبووە دەست . .

+ « فڕێی‌دە ! ! ئەو دارە فڕێ‌دە لاوە ! ! »

— « ناتوانم ! ! دەستم ناگری فڕێی دەم . »

پەستم کردو گوتم :

+ « کەواتە ڕژدو ڕەزیلیت ! »

— « بادەما ! تۆ نازانی . . کە ڕۆژی یەکەم چوومە بەر کاران قەلەمبڕم
لە - گراندادەلچی - وەرگرت و ئەم داردەسـتەم پێ بڕییەوە . . قـەت
فڕێی نادەم قەت ! ! »

ووشە پڕ حیکمەتە سادەکانی ڕاسـتەوخۆ کاریان تێ کردم‌و لە هەمان
کاتیش‌دا سەرسامیان کردم . . داپیرەم هەمیشە دەیگوت : مرۆڤی عاقڵ
زۆر ناژی . . بەڵام ئەم ئەویست بڕوای پێ بکەم .

ئەو ڕۆژە هیچ شەمەندەفەری سەربازی نەهاتن‌و - بۆریا - تـا ئێوارە
هەر لە دەوروبەری من ســـووڕایەوە . .

لە نەخشەکێشـانی پەخشـنامەی دیواری ی « کرۆ کۆدایل - نەهەنگ »
بوومەوە . . ماوەیـەکی زۆر لەگەڵ - بۆریا - دا پێکەوە ڕامان بواردو
بەسەر مێزەکە کەوتین‌و لاقمان شـۆڕ کردەوە خواری‌و بەدەم زیندەخەو و
وورێنەکردنەوە . . لێم پرسـی :

+ « کە گەورە بوویت . . حەزدەکەی ببیەچی ؟ ! »

دەم‌و دەست گوتی :

— « هونەرمەندێکی وەک تۆ . . . »

+ « - بۆریا - ئەگەر ڕاستت دەوێ ، من هێشتا هونەرمەند نیم ، تەنیا
هەوڵ دەدەم کە ببمە هونەرمەند . . . باوەڕ بکە لەهیچ شوێنێکم نەخوێندووە »

پەنجەی بۆ نەخشەی پەخشنامەی دیوارەکە درێژکردو گوتی :

— « دەنا ئەو وێنەیەی کەکێشاوتە ، بەڕاستی وێنەیە . . »

+ « بەتەواوی نـا . . »

- بۆریا - خۆی وێك هێناوەو بە نائومێدی گوتی :

— « دەنا ، وا تێدەگەیشتم ، هونەرمەندیت . . »

ویستم پاکانە بۆ خۆم بکەمو بە ئامۆژگاری یەوە پێم گوت :

+ « بەڵام دەبێ تۆ بخوێنی بۆ ئەوەی ببیە هونەرمەند . . »

— « دەزانم ! ! هەر دایکم چاك بێتەوە دەچمە قوتابخانە بەڵام ئەوەندە هەیە هیچ کاغەزو کتێبم نی یە . . »

بۆ ئەوەی - بۆریا - دڵخۆش بکەم و دڵی بدەمەوە بە دەنگێکی نەرم و هێمن پێم گوت :

« هێی ێ ! بۆریا . . هەر سەر سـەلامەت بێ کتێبو کاغەز بەخۆی پەیدا دەبێ . نەکەی وازبێنی هـا ! . . »

- بۆریا - لەناکاو لێی پرسیم :

— « بادەا . . توخوا چەند گۆرانی یەکی نوێم پێ بڵێ . . »

+ « ئۆه . زۆر باشـــه . دەکەوانە گوێ بگرە :

ئێمە ( رابەری ) ی لاوین ، ئاڵای ســـوور بەرز دەکەینەوە

بەرزی دەکەینەوە تـا دەگاتە مانگ . . ئێمە ( رابەری ) ی لاوین . .

ئـەی منداڵانی ووڵاتەکەمان !

ئازایانە شوێنمان کەون . . »

— « بـاشــــتر وایـە گۆرانی وام پێ بـڵێ ی کە بتوانـم بژێوێکی پێ پەیدا بکەم . . . »

ئەم ووشـانە لە ناخەوە هەناویان بڕیم .

# - X1V -

بە درێژایی مانگی نیسان شەمەنەفەری سەربازی بێرە دا دەهاتن و لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیشتن . .

- بۆریا - بوو بە هونەرمەندێکی ناسراو ، وای لێهاتبوو کە خەڵکی لە دوورەوە چاویان پێ بکەوتبوایە ، ڕادەوەستان و دەیان دواندو بە نەرمو شیرینی قسەیان لەگەڵ دەکرد . - بۆریا - بەو نانو ساجوقو ماسی و شەکرو ئەو خواردنە داگیراوەی سەربازەکان پێیان دەبەخشی ، ڕوونگی هێنایەوەو ڕسکا . . وەك بەرخێك کە لە ناو سەوزە گیای بەهاردا لەوەڕا بێ ، ئاوا خڕو پڕ بووو دوومەتە ڕەقو تەقو چورچنەکەی گۆشتی هێنایەوەو گەشایەوە . .

- بۆریا - ئێستا هەست بە توندو تۆڵی خۆی دەکات و ڕۆیشتنەکەی چوستتر بووەو وەك پیاوان لە ڕۆیشتنا سەری قیت دەکاتەوە . . بەڵام هەرگیزاو هەرگیز لە داردەستە بەڵاووکەکەی جودا نابێتەوە . . و خەمێکی قووڵی پیاوانە خۆی لە قووڵایی قەپێلکی چاوەکانی یەوە حەشار داوە . . دوور نییە کە من تەنیا کەسێ بم دەرکەم بە مە کردبێ ! !

زانیم کە - بۆریا - هەر چاوەڕێی باوکی دەکات و لە ناخەوە باوەڕی بە هاتنەوەی هەیە . . بەڵام زانیم . زانیم کە هیچم لەدەست نایێ بۆی بکەمو چیم پێ ناکرێ . .

وورده وورده ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەفری ئەستووری سێبەریا ئاوی تێ کەوت و لەبەر هەتاوی بەهارا توایەوەو جۆگەلەی بەست و خشایە ناو گوندەکەمانەوە . .

ڕۆژێکیان - یەرمۆتێك - لێی پرسیم :

« ئەرێ هونەرمەندە بچکۆلەکەمان بێجگە لەو پۆتینە ئاودزو پینەکراوە هیچ پێڵاوی تری هەیە ؟ »

+ « نازانم ! ! »

— « بەلای خۆتەوە برادەرتەو برادەریق . . . »

+ « قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە . . . »

— « هەه . . . ئێوەی لاو قەت هەوڵ نادەن کە پێ بکەوون خەڵک چۆن دەژی ؟ »

لەم کاتەدا ـ میخایل ئەلیکسەندرۆڤیچ ـ بە ژوور کەوت ، کە دیق تێک چوویم پرسی :

« ئەوە چی قەوماوە ؟ »

ـ یەرمۆتێک ـ وەڵامی دایەوە :

« پێویستە یارمەتی ئەو کورە بدەین »

ـ میخایل ئەلیکسەندرۆڤیچ ـ لە مەبەستی سکرتێری کۆمیتەی پارتی نەگەیشـــت :

« کام کور ؟ ! »

« هونەرمەندی بچکۆلە »

« بەڵێ هەق وایە . ئەوەك تووشی روماتیزم ببێ . . . »

ـ یەرمۆتێک ـ گوتی :

« ئەگەر جووتە پێڵاوێکی یەدەگی هەبێ . دەتوانین ئەو پۆتینانەی بۆ چاك بکەینەوە . . بەلای دەستە راستمەوە پینەدۆزێکی شارەزا هەیە . . »

میخایل ئەلیکسەندرۆڤیچ :

« بلێ چی ؟ ! . . کچەکەم جووتە پۆتینێکی کۆنی هەیە ، هێشتا بە بەتەواوی لە کەڵك نەکەوتووە . . .

بادما ! وەرە بیان بە . . . »

بەهێواشی دەرگای ژووری خوێندنەوە کرایەوە . .

« بادما ! دەمەوێ قسەیەکت لەگەڵ بکەم . . . »

دەرگا ڕنگ پێوەدرایەوە . . غـارمدا
دەستی - بۆریا - م گرت و هێنامەوە . .
- یەرمۆتیك - پێی گوت :
- هەلـــۆ ! هونەرمەند . . . .
- بۆریا - یەكەم جار دۆقەی لەگەڵ بەڕێوەبەر كـردو ئنجا لەگەڵ سكرتێری كۆمیتەی پارتی . .
- یەرمۆتیك - بە توندوتیژی‌یەوە لێی پرســـی :
« بۆچ كە چاوت بە من كەوت ، لەبەرم هەڵاتی ؟ »
- بۆریا - بە بیبیلەی چاوە ڕەشەكانی‌یەوە لەسكرتێر نزیكبووەوەو گوتی :
« خۆ لەبەر تۆ هەڵنەهـاتم ؟ . »
- « كەهاتمە ژوورەوە ، كشـایتەوەو لەبەرم هەڵاتی وەك ئەوەی لەبەر ئەهریمەن هەڵبێی . . . »
- بۆریا - بە پەستی و دڵتەنگی وەڵامی دایەوە :
« هەڵاتنەكەم هۆی تایبەتی خۆی هەبوو . . . »
وای گوت و خۆی كڕكرد چونكە وای بۆ چوو كە مەسەلەكە بڕاوەتەوە . .
- میخایل ئەلیكسەندرۆفیچ - هەڵیدایەو گوتی :
« ئەو هۆیە چ هۆیە ؟ دەبلێ . . . »
- بۆریا - بەبێ دەنگی ماوەیەك لە بەڕێوەبەر ڕاما . . كە بەرگێكی تایبەتی جوان و سـەرشـان زیوینی لەبەر كردبوو . . بەڵێ ! ! پیاو لێی ناگیرێ ئەگەر بەخێلی بەم تەرحە كەسـانە ببات :
« ئاخر سەركۆنەی دەكەی ! »
« سەركۆنەی كێ ؟ ! »
« برادەرەكەم . . . »
- یەرمۆتیك - بە سەرسامی‌یەوە پرســـی :

« بۆچ ؟ ! . . »

« چونکە لێ دەگەڕێ بێگانە بێنە ئێرە . . . . . . . »

زەلامەکان دەســتیان بـە پێ کەنین کرد ـ یەرمۆتیك ـ پڕی دایـە دەســتەکانی ـ بۆریا ـ و وەك تازە بۆ یەکەم جار بیبینێ سـەرنجێکی ووردی لێداو گوتی :

« باشە ! هونەرمەند ! تۆ بۆ وا هەمیشە بە حەزەریت . . شێ چاکە هێندە بە تەنگ برادەرەکانتەوەی . . » لـەم کاتەدا شتێکی هاتەوە یـا و لێ ی پرســی :

« ئەوە دەتویـست قسەی چ لەگەڵ بادما بکەی ! »

کوڕە مەردانە وەڵامی دایەوە :

زەلامەکان ڕۆیشتن

ـ بۆریا ـ تـا عەیامەکی باش هەرداما . . کەوتـە کێژاوی بـیـرو لێکدانەوە ، لەترۆپکی لێکدانەوەکەیدا بوو کە دەمی لێك کردەوە :

« بادما ! ! هەر چۆنێك بێ ئەمانە پیاوی وا خراپ نین ! ! . . »

# - XV -

کە منداڵ بووم خووم بەو مەراقەوە گرتبوو دەچووم لە ودەشتە پانو بەرینەماندا ( تەولەب ) م کۆدەکردەوە . . ئایا دیوتە کە ( تەولەب ) لەو دەشتە بەر بەرەللایەدا چۆن گۆپکەی گەشو جوان دەردەکا ؟

- تەولەب - ئێواران گوڵەکانی وەك گوڵی بێنازی ئەشرەفی وایەو بەیانیانیش وایان لێدێ ناناسرێنەوە . . کە ڕۆژ هەڵدێو گەرمایی یان تیدەگەڕێ ، دەژێنەوەو پەلکی جوان و ئارمووشیی یان بەو ناوەدا بڵاو دەکەنەوە . . ئەم دەشتەش دەجمێو دەجووڵێو دەجۆشێو گیانێکی گەرمو فێنکی تێ دەگەڕێو ئارای ڕەنگینی گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی بەسەردا دەکشێو هەر حەزدەکەی خۆت لەناو ئەو مافوورە نەرمو ڕەنگینەدا بکەوێنێو پڕ بەسییەکانت هەناسە لە هەوای سازکاری بۆن خۆشا بدەیت . . .

- بۆریا - ی برادەرم وەك ئەو تەولەباتە گەشابووەوە . . .

دایکی کراسو پانتۆڕێکی لەو جلانە بۆ دروو بوو کە سەربازەکان پێیان بەخشیبوو و ئەو پێڵاوانەش کە بەرێوەبەر بەدیاری پێی دابوو کەلکی لە پێ کردنیان پێوە مابوو . .

- بۆریا - بەم جلە نوێیە وەك سەربازێکی بچکۆلە وابوو . . هەستم دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ دەنگی پاکترو نێرتر دەبوو و باشتر دەزرنگایەوە . .

- بۆریا - گشت جۆرە سەماو هەڵپەڕکێ و خۆبادان و کەمەل هەژاندنێکی پێشکەش کردو دەیەویست ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شتی تازەو تازەبابەت پێشکەش بکات . .

ڕۆژێکیان کچێکی ڕووسی بچکۆلەی پرچ سیسی ، چاوشین لەئێستکەدا بە دەرکەوت . لەسەر سەکۆ و سۆشەدا ڕاوەستابوو و بەشادیو سەرسامی یەوە تەماشای هەڵپەڕینو خۆبادانی - بۆریا - ی دەکردو کە

دیتی سەربازەکان نان و شیرینی دەدەنێ ، لە ناخەوە هەناسەیەکی سارد و سری هەلکێشا . . .

بیرم کردەوە ، لە دلی خۆمدا گوتم : هێە ! سەربازەکان تەماشایەکی ئەم کچۆلەیەش بکەن . کرمتە شەکرێکی بدەنێ . . هێ ! سەربازەکان . . هێ ! سەربازەکان . . تەنیا ئاورێ ، ئاورێ لەم لایە بدەنەوە . . . کچەکە !! تۆش هەنگاوێ یا دوان بەم لاوە بنێ . . بڕۆ لای ئەو سەربازێ . . ئەو سەربازە هەر هێندە بتبینێ مسۆگەر نان و شەکرت دەداتێ . . دەی بڕۆ . . بەردەوام بە . . بڕۆ پێشەوە . . کچە دانیشت و بەدەم دانیشتنەوە لیکاوی لە دەم دەچۆڕایەوە . .

- بۆریا - گۆرانی دەگوت و هەلدەپەڕی . . سەربازەکانیش زۆر بە گەرمی‌یەوە هانیان دەداو چەپلەیان بۆ دەکوتاو بە شاز و بال و باهۆیان هەلدەکوت . . . هەولی دەدا شتێ وا بکات کە سەیرو سەرسوڕهێنەر بێ . . چەند جار لەسەریەك تەقلەی لێ‌داو وەك چەرخ و فەلەك بەسەر خۆی‌دا سووڕایەوە . . سەربازەکان بەدیاری‌یەوە قاقا پێ دەکەنین و تەحا تەحایان بوو . . ( دەی ، دەی ) یان لێ دەکردو فوویان پیا دەکرد . .

لە هێکڕا کابرایەکی لەخۆکەڕاوە لەو ناوە پەیدا بوو و سەیرێکی ئەم بەزمەی کردو گوتی :

« بۆچ ئەم منداڵەتان کردۆتە قەشمەری و بۆی هەلدەپەڕن ؟! . »

سەربازەکان شلەژان . .

شەمەنەفەر هۆڕنی لێدا . . سەربازەکان بەغار گەڕانەوە ناو فارگۆنەکان و پاش نەختێ شەمەنەفەرەکە بزووت و بەڕێ کەوت ، کچە بچکۆلەکە ، پەنجەی نابووە ناو دەم و لەولاوە ڕاوەستا بوو ، بە چاوێ هەلنەهاتن و واق وڕماوی‌یەوە سەیری - بۆریا - ی دەکرد . .

- بۆریا - بەرەو دەرگاوە ملی نایە ڕێ بەلام لە ناکاو چاوی بە کچە



[library stamp]

كەوت ، چووە لای و پێی گوت :

« بۆچ دەگرێیی ؟ ! »

كچە هەناسەیەكی قوولی هەڵكێشاو دڵۆپە فرمێسكی گەورەی بەسەر گۆنا هەڵبزڕكاوەكەدا هاتە خوارەوەو بە دەم نیزگەرەوە گوتی :

« چاوەڕێی - بابە - دەكەم . . »

- بۆریا - دەستی بۆ جانتاكەی درێژ كردو گوتی :

- مەگری . . فەرموو ! ئەوەتە ! نان ، شەكر ، هەرچیت دەوێ . . هەیە . . . »

ئەم كیژۆكە روسی یەو ئەو كوڕیژكە كالمیكی یە قۆلیان تێك هەڵكێشاو پێكەوە بەرەو دێ بوونەوە . . . ئێستا - بۆریا - وای لێ هاتووە ، نەك تەنیا دایكە نەساغەكەی نان دەداو بەس بەڵكو خەڵكی تریش . . بە تەواوی متوو و دەستەمۆی ئەم كوڕە كالمیكی یە بووم . . كەم یەكترمان دەدواندو زۆرتر هەر وەختی خۆمان بەبێ دەنگی دەبردە سەر . . . كە دەچووەوە ماڵێ هەمیشە من بیرم لەوە دەكردەوە ئاخۆ ئەم منداڵەكە گەورە بوو . . ببێتە چی ؟ . هونەرمەند ؟ ئەكتەر ؟ زانا ؟ ئەندازیار ؟ دختۆر ؟ مامۆستا ؟ شەمەنەفەرئاژۆ ؟ پاسەوانی باخچەی گیانداران ؟ ئەندازیاری كشتوكاڵ ؟ ! ! . . . دەبێ ببێتە چی ؟ ! ئنجا بیرم لەوە دوكردەوە كە هیچ گرنگ نی یە ئاخۆ دەبێ بەچی ؟ گرنگ ئەوەیە ئەو كوڕە ڕەزاسووكە هەمیشە خەڵكی دەخاتە پێ كەنین و خۆشی یان دەڕژێنێتە دەروونەوە . . دەبێ بە پیاوێكی زیرەك و هوشیار ، خاوەن دڵێكی گەرمو گوڕ و پڕ میهرەبانی . . دەبێ بەمرۆیەكی ئازاو دڵسۆز . . .

زانكۆی
كۆلیجی

# - XV1 -

دوایی ، ئەو ڕۆژەدا هات کە هەموومان بە پەرۆشەوە . . چاوەڕێمان دەکرد ڕۆژی سەرکەوتن بێ

لە (٩) ی مایسـدا خەڵکی دەستیان دەکردە ملی‌یەکترو یەکتریان ماچ دەکرد . . ئاوازو گۆرانی خۆشـــی‌و بەختیاری لە هەموو لایەکدا بەرز دەبووەوەو دەنگی دەدایەوە ، تەنانەت شەمەنەفەریش کە بەئێســتگەدا دەهات‌و تێ‌دەپەڕی بێ کوژانەوە هۆڕنی لێ‌دەداو نەیدەبڕی‌یەوە ، فیقەی هۆڕنە تیژەکەی تێکەڵ بە بەزم‌و زەنای خەڵکەکە دەبوو . .

بەڵام ئەم شـــادی‌و ســـەرکەرمی‌و کەیفخۆشی‌یە ، تنۆکە خەمیشی تیاتوابووەوە . . ئەو پیرەژن‌و پیرەمێردانەی جگەرگۆشەی ئازیزیان بووبووە سووتەمەنی شەڕ ، ئەوژنانەی خەبەریان پێ‌درابوو مێردە هاوسەرەکانیان بێ سەرو شوێن چووین ، ئەو کوڕو کچانەی نامەی باوکیان لێ بڕابوو . . . ئەمانە هەموو زۆرو زۆر بەکوڵ . . دەگریان‌و دەنووزانەوەو دەناورانەوە . .

ویستم پێ بە جەرگی خۆم‌دا بنێم ، بەم بـە ئاسن‌و پۆڵاو لەدیار ئـەم دیمەنە هەناو پسێنە نەتوێمەوە ، بـەڵام بێ هوودە بوو ، فرمێســـك وەك ڕووبار لە چاوەکانم‌دا سەری کردو ڕژایە خوارەوە . .

کە - بۆریا - بەم شـێوەی بینیم بە ســۆزەوە دەستی ڕاهەژاندم‌و دڵی دامەوەو پێ‌ی گوتم :

« مەگریێ . . مەگریێ . . . . »

کوڕە چاوەکانی وەك گۆمی خوێن دەبریقایەوەو دەتکوت سوورە گوڵی بەربارانە . . بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا وەکو من دەگریا . . لەم کاتەدا هەستم کرد کە - بۆریا - باشـترین‌و دڵسۆزترین برادەرمەو . . زۆر جار وەك ئاوزێی خۆمم دەکەوتە بەر چاو . .

بە پەنجەو ڕەق‌و تەقەو باریکەکانی فرمێسکی سەر ڕوومەتی سڕیمەوەو

چرپاندی‌یە گوێم :

« بەس بگریێ بەس ! ! »

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو گوتم :

+ « بۆریا . . . بۆریا . . . . »

خۆی بە ئامێزم :

— « چی‌یە ؟ چی‌یە ؟ »

+ « چی‌تر باوکم نابینمەوە . . . . »

هەنسکم لە گەرووما خنکا ، قورگم گیرا ، شانو شەپیلکم کەوتە لەرزو هۆڕ . . هاوینی ساڵی — ١٩٤٢ — م هاتەوە یاد . . لەناو تۆڕی فرمێسکە رووناکانی بەرچاوم‌دا ئەو کاغەزە بۆرەم بەدی کرد کە بۆ دایکم ناردرابوو و لێی نووسرابوو :

« مێردەکەت پاڵەوانانە . . . . »

- بۆریا - بەنەرمی‌و میهرەبانی‌یەوە دەستی بەپرچم داهێنا ، دەستە گچکەو خنجیلەکانی دەتگوت دەستی درو گەورەی دایکمە کە منداڵ بووم تا بەم چەشنەی .. بۆریا .. دەستی بەسەردا دەهێنام . . .

ئەدی بابە . . . ئەه ! پێویستە دان بە خۆم‌دا بنێم‌و جڵەوی خۆم توند بکەم . .

دڵۆپە فرمێسکی گەورە و گەرمم بەردەبوونەوە سەر هەوك‌و گەردەن . . کە زەینم داین - بۆریاش .. چاوەکانی لە گۆمی فرمێسـکدا مەلەیان دەکرد . . بەڵام لێم نەپرسی - بۆریا - ئەم گریانەت لەچی‌یە ؟ و بۆچی‌یە ؟ .

کورە ، لەسەر شێوازی تایبەتی خۆی‌دا هاتە دەنگ‌و گوتی :

— « دوور نی‌یە منیش بە دیتنی باوکما شادنەبم »

خەمی قووڵی خۆمم لە بیر چووەوەو بەوپەڕی برواو متمانەوە . . زۆر بەگەرمی قسەم بۆکرد :

+ « دەیبینی .. مـزگەر هەر دەیبینی ... »

— « ئاخر ! هەتا ئێستا نەهاتۆتەوە ؟ ! »

+ « چ هاوارە .. تازە ئەمڕۆ ئاگری شەڕ کڕاوەتەوە »

- بۆریا - هەناسـەیەکی هەڵکێشا ..



## - XV11 -

لە ڕۆژی پشـــووم‌دا لەگەڵ دایکم‌دا چووینە دەرەوە بۆ کێڵانی ئەو زەوی‌یەی کەکەلێ لە گوندەکەمانەوە دوورنەبوو .

ئیشەکە زۆر سەختەو قورس‌و گران بوو ، چونکە ئێمە لەو جۆرە ئیشە ڕانەهاتبووین ، ڕۆژی یەکەم لە هەمووی گرانترو ناخۆشتر بوو . . بەکرو بێ دەنگی کەوتینە ویزەی ئیشـــەکەمانەوە . هەر کێڵامان‌و کێڵامان‌و کێڵامان . . .

دایکم زوو ژانی کەوتە پشت‌و ویستی پشتی خۆی ڕاســـت بکاتەوەو ژانەکەی لێ دەربکا ، بەڵام پشتی ، وەك ئەوەی شەپلەی لێدابێ ڕاســـت نەبووەوەو تا ماوەیەکی زۆر وەك کۆیلە ڕاوەستابوو و پشتی چەماندبووەوە . .

بەرەبەری نیوەڕۆ داهات‌و کاتی نان خواردن هاتە پێشەوە بەڵام حەزم نەکرد دەست لە ئیشەکە بەربدەم چونکە پشتمان شکاندبوو . . .

« دایکم » گوتی :

« با تەنیا لاتێکی تر بکێڵین‌و بچینەوە بۆ نان خواردن . . »

کە لاتەکەمان کێڵاو لێی بووینەوە پێشنیارم کرد :

+ « دایە ! دەبا لاتێکی تریش بکێڵین . . . »

لە ناکاو ، لە دوورەوە چاوم بە خوشکە بچکۆلەکەم کەوت ، پشـــتی کردۆتە گوندو بە هەڵەداوان بەرەو ئێمە هەڵدێ‌و پێی ناوەتە غار . . . دەســـتی هەڵدەوەشێنێ هاوار دەکا . . بەڵام لەبەر ئەوەی کە هێشتا دوور بوو بەئاســـتەم نووسکەی دەهات‌و پیاو بە تەواوی تێی نەدەگەیشت دەڵێ چی . . لە ئەنجام‌دا ئەوەندەی لێ تێگەیشتم :

« کاکە ! ! کاکە ! ! . . بۆریا . . . »

ڕاستەو خۆ دڵم داخورپا . . گیانم هاتە سەری لووتمەوە . خاکەناسەکەم لەزەوی داکردەو هەر ڕام کرد بۆ پێشوازی خوشکە بچکۆلەکەم ، بزانم

چ خەبەرێکی جەرگبڕی پێیە . .

بەدوم هەنسك و نزكرەو ڤینكە ڤینكەوە گوتی :

« كاكە ! ! خوا سزایەكی گەورەی داوین . . »

+ « چی بووە ؟ چ قەوماوە ؟ »

— « - بۆریا - وەبن شەمەنەفەر كەوت . . »

كە ئەمەم بیست دەم و دەست ڕۆژم لێ بوو بەشەو ئەوەندەی خوا هێزی پێدابووم بەرەو ئێستگە هەڵم كردە غار . . . زەوی ئەوەندە لەبەر چاوما ئێك كشابووەوە دەتگوت لەشوێن خۆمدا چەقیوم . . بێنم نەدایێ تا پەركەی گۆنـدم لێ بەدەر كەوت . . جوولـەو قەبالغییەكی زۆر دیاربوو ، ژن و منداڵ تێك دەسووڕان و لەناو یەك دەتۆقزان . . ئایا دەبێ ڕاست بێ . . ؟

لە گەرمەی ڕاكردنا بەسەر پیرەژنێكدا نەڕاندم :

« ڕاستە ؟ ئایا ئەمە ڕاستە ؟ »

پیرەژنەكە ڕاچەنی و دەرپەڕی یە لاوەو گوتی :

« چ ؟ »

خۆمم پێ ڕانەگیرا كە بزانم پیرەژن چیم وەڵام دەداتەوە . لەڕاكردنی خۆم شل نەبوومەوەو هەر ڕۆیشتم . .

خەڵكێكی زۆر ڕژابوونە نەخۆشخانەی ئێستگەوە . ژن و منداڵ دەیان قیژانـدو دەگریان و لەخۆیان دەدا . . منیش دەتگوت گوێم كەڕ بووە ، نەمدەزانی و نەمدەبیست چی دەڵێن . . . دەتگوت كوێر بوویم ، چاوم بەر پێی نەدەدی و وەك كوێر خۆم بەخەڵكدا دەدا . .

- ئۆنتیە ڤینیا - زۆر بەكوڵ دەگریا :

« ئای لە خۆم سەر بە هەشێ ! ! لە خۆم بابان وێرانێ . . »

خۆم گوتایە هەیوانی نەخۆشـخانەوە ، تووشی یەكەم كارەكەر بووم لێم پرسـی :

+ « کوا ـ بۆریا کوا ـ بۆریا ـ ؟ »

کچە سەری بۆ لای دەرگا کە راوەشاند .

پالم بە دەرگاکەوە ناو بە خوردتی کردمەوە . .

کە چوومە ژوورەوە دیتم دختۆرەکان هەموو بە دژداشـــەی سپییەوە راوەســتاون . . .



## – XV111 –

هەلم کوتایە سەر دختۆرە عەینەك لە چاوەکەو لێم پرسی :

« - بۆریا - لە کوێ یە ؟ ! کوا . . ؟ »

دختۆر وەلآمی دامەوە :

« جارێ پێم بڵێ تو کێ یت ؟ و چی - بۆریا - یت ؟ . »

« من . . . من . . . من . . . مـ . . . »

دختۆرە کە بۆی تەواو کردم :

« برای ویت ؟ . . »

« ئـا ! ئـا ! بەڵێ ! ئـا ! بەڵێ . . . . »

« کەواتە دەبێ لە گەڵتا ڕاستبین . . کورە زۆر شڕە . . هیچ هیوای چاك بوونەوەی نی یە . .

« خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە . . . »

« لە کوێ یە ؟ لە کوێ . . »

« بڕۆ سەرەوە »

دختۆر وای گوت و دژداشەیەکی سپی دامێ و پێ ی پیشان دام بچمە کوێ ؟ !

- بۆریا - ی هاوڕێـم لەژووری دوایی یەوە نووســتبوو . . چاوەکانی بەردابووەوە . . ڕووی وەك شیر سـپی هەڵگەڕا بوو ، بە زەحمەت بتوانیایە لەگەڵ کاغـەز لێکی بکەیتەوە . . لێوەکانی بەئاســتەم و دوو بەران دەجوولانەوە . . کە ئەم دیمەنەم دی . . هێزی لەشـم داڕووخا ، ئەژنۆم بەردا . . ئەوەندەی نەمابوو لە هۆش خۆم بچم . . دختۆر شانی گرتم و ڕاستی کردمەوە . .

- بۆریا - بەئەقە تێ و بەنووسکەوە گوتی :

« دادە . . دادە . . ئۆدە ! دایـــە . . . . ! ! »

خۆم هەڵکوتایە ســـەریا . . بەلآم دختۆر ڕای گرتم و لەپێشت خۆی

پێ دابدەم . .

دیسان . . نووسکەی هاتەوە . . بەڵام ئەمجارە گوتی :

— « بابە . . بابە . . دە وەرە ! ! »

پیاو ئەگەر دڵی لە بەردا بێ ئەگینا لە وەختی وادا خۆی پێ ڕاناگیرێ . .

ئەمجارە کە لێوی جووڵاندەوە گوتی :

— « بادما . . بادما . . تۆ لە کوێی ؟ »

گوتم : « ئەوەتە لێرەم » و خۆم دەسەرداهێنا . . پێڵوەکانی بە گرانی ، زۆر بەگرانی دەجووڵانەوە . . ئەو دووچاوەی کە هەمیشە کانی پێکەنین و شادی بوون . . ئاوی ژیانیان لێ چك ببوو . .

پاش چرکەیێ کپ کەوتەوە . . هەناسەی تەنگ بوو .

— « بادما ! ئەوە تۆی ؟ »

+ « ئا ـ بۆریا ـ گیان . . من من »

ناسیمیەوەو ویستی بگرژێتەوە بەڵام ئەوەندەی کردی گرژینەوەی نەهاتێ . . . پرسی :

« بادما ! ! چاکەتەکەم کوا ؟ لە کوێیە ؟ »

تەماشایەکی دختۆردم کرد .

دختۆر چرپاندییە گوێم :

« نابێ لەدەستی بنێی ؟ »

ـ بۆریا ـ دووپاتی کردەوە : .

— « چاکەتەکەم بدەرێ ! . .

دختۆر هاتە سەرینگانی‌و لێی پرسی :

« چاکەتت بۆچییە ؟ »

— « لە باخەڵەکەیدا . . . . . . »

چاوەکانی داخستەوە ، سیرو هۆری ددانی بوو ، ددانەکانی لێك

دەخشاند . . دەماری لاجانگی وەك كوێشكەی سەربڕاو هەڵدەپەڕی . .
هەموو لەشی دەلەرزی . .
دختۆر دەمی بردە بناگوێی ئەوكارەكەرەی كە لە دواوە ڕاوەستا بوو و
شتێكی چرپاندە گوێ . . كچە چووە دەرەوەو ڕەستەوخۆ گەڕایەوە . .
كە هاتەوە چاكەتەكەی پێ بوو ، پەراوێزە دڕاوەكانی هەموو خەڵتانی
خوێن بوو . .
- بۆریا - چاوی كردەوەو سەیری چاكەتەكەی كرد . . نووسكەی
لێوەهات :
— « بیدە من . . . »
دختۆر گوتی : .
« تۆنابی . . . . . . . . . ، چی لە باخەڵ دایە ؟ »
— « بادما . . ئەو چاكەتە چەند پارچە كاغەزێكی لە باخەڵدایە كە
بابە هاتەوە ئەم پارچە كاغەزانەی بدەرێ ! ! »
- بۆریا - ڕووی چەقاندە بالیف . . .
لەبەر دەم چوار پایەكەیدا چۆكم دادایەوە :
+ « بۆریا گیان . . ئەوە بۆ وات بەسەرهات ؟ چۆن وات بەسەرهات ! ! »
- بۆریا - چاوی بڕی‌یە بنمیچەكە ، لێوەكانی جوولاندەوە ، ئەوەندەی
لێ تێگەیشتم كە بە ئاستەم گوتی :
— « كچە بچكۆلەكە لەبن شەمەنەفەر بوو . . . شەمەنەفەر بزووت . . .
كچەش . . . ئای ؟ دایە ! ! ! . . »
- بۆریا - هاوارێكی لێ‌هەستاو هۆشی فڕی . . .
- شاركا - ی دایكی . . لە دەركاوە راوەستابوو . . .

# - X1V -

بۆریا . . . بۆریا . . . بۆریس . . .

ئەوە چۆن بوو ؟ . . .

هەمیشە هەر بیری - بۆریا - دەکەم ، یادی دەکەم . . کە بەجادەدا دەڕۆمو دەڕوانمە پێشەوە ، دەڵێم ها ئێستا نا ئێستا - بۆریا - لەم خانووە یا لەو خانوو دێتە دەرەوەو پێ بە راکردنـــەوە دەنێ . . کە دەچمە ژووری خوێندنەوەو دەکەومە ئیش کردنەوەو لـە پەنجەرەکەوە دەنگی منداڵانـم دێتە گوێ . یەکسەر دەنگی - بۆریا - م لە گوێدا دەزرنگێتەوەودەڵێم مەوکە نا هەوکە بە خۆیو بە داردەســـتە بەڵاڵووکە جوانەکەیەوە خۆی دەکا بە ژوورا . بە ڕاستی بە بێ - بۆریا - نە ئیشـــکی ڕۆژو نرخو نموودێکی هەیەو نە هەوای پاکو سازگار . . .

ستەری ئەخۆشخانە ، پارچە کاغەزەکانی بەرکی چاکەتی - بۆریا - ی بۆ هێنامو دایمێ . . چونکە لە نزیکەوە گوێی لە - بۆریا - بوو کە لە سەرە مەرگدا وەسیەتی کردو وەسیەتەکەی بەدەست پاکی هێنایە جێ . . پارچە کاغەزەکان دەق کرابوونو لە ڕۆژ نامەیەکدا پێچرابوون . . دیاربوو ئەم کاغەزانە لەمێژ بوو دەق کرابوونو نوشتاندرابوونەوە ، چونکە جێگەی نووشتانەوەیان کونی تێبووو بڕ بڕە دڕابوو . .

کاغەزەکانم هێناو لەســەر مێزەکەمدا ڕیزم کردن ، دیتم ئـەم کاغەزە بۆرانە نیگاریان لەســـەر کێشراوە ، - بۆریا خۆی بەدەســـق خۆی کێشابوونی . .

نیگاری یەکەم بریتی یە لە نیگاری دەشتێکی پانو پۆڕو فراوان کە لە درەختی - تەواهب - دا خەستەو لە ئاسۆی ڕونەوە ڕۆژێکی زەردی وەك پرتەقاڵ خەریکە ســـەردەردێنێ . . و هەڵۆیەکیش بە ئاسمانی بێ گەردا دەسوڕێتەوە

دەشتەکە ، دەشتی کاڵمیکی خۆمانە . . . من کەلێ جار باس و خواسی ئەم دەشتەم بۆ دەکردو بۆم دەرکەوت کە قسەو باس و چیرۆکەکانم راستەوخۆ کاریان لەناخی دەروونیەوە کردووەو هەناویان هەژاندووە . . . سەیرە !! من رۆژ تا ئێوارە دەستەو فلچەم شەڕەو قەت جارێك لە جاران بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە نیگاری دەشـــتە ئازیزەکەی زکماکی خۆمان بخەمە سەر کاغەزەوە . . .

پارچە کاغەزی دووەم نیگاری سەربازێکی لێ کراوە کە لەولاوە کوڕێکی بچکۆلە هەڵپەیەتی خۆی بکەیەنێتێ . . لە پشـتەوەی ئەم سەربازو کوڕە بچکۆلەیەش‌دا کۆشکێکی گەورەو زەلام پەڵەی دەکرێ کە ئالاّیەکی سووری بەسەرەرەوە دەشەکێتەوە . .

ئای چەند بەپەرۆشـــیو خۆنەویستانەو ، تا دوا هەناســـەی ژیانی چاوەڕێی گەڕانەوەی باوکی کرد !! . .

پارچە کاغەزی سێیەم بریتی‌یە لە نیگاری کابرایەکی سەرگەورەو لۆق دریژ ، بۆیاغ و فلچەی بە دەســـتەوەیەو مندالێکی فلچە بە دەستی لـە تەنیشــــت راوەستاوە . . .

بۆریا ، بۆریا ، بۆریس . . . . .

وا دیارە کە بڕیاری کۆتاییت دابوو ببێ بە هونەرمەند !! . .

ئەمە بوو تەواوی چیرۆکی ئەو سێ نیگارەی کە حەڤدە ساڵی رەبەقە پاراستوومن و هەڵم گرتوون . .

هەندێ جار تان لە خۆم دەدەن بۆ ئەوەی دەریان بێنم و بە دیواریان وەبکەم بەلاّم دەستم نایگرێ چونکە دەترسم تیشکی رۆژ کاغەزەکان زەرد هەڵگەڕێنێ و نەخش و نیگارە شیرینەکان ڕەش‌کاتەوەو بزریان کات . . .

کاتێ کە لە سەرەمەرگ دابوو و ئاوزنگی دەدا هەر ئەوەندەی پێ کرا بلێ : -

« کچە بچکۆلەکە لەبن شەمەنەفەر بوو . . شەمەنەفەر بڕووات . . کچەش . . . . »

ئەمە دوای ووشەی بوو لەم ژیانە ڕووناکو خۆشەویستەدا . .

بۆی هەیە ئەم کچە پرچ سیسو چاوشینە ئێستا لە ئامۆژگایەکدا دەرچووبێ . .

باشە دەبێ ئێستا چی بەسەر هاتبێو بووبێ بەچی ؟ ئەندازیار ؟ دختۆر ؟ مامۆستا ؟ گۆرانی بێژ ؟ بووبێ بە هەرچی شتێك ئەوەندە گرنگ نی یە . .
گرنگ ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە زۆر حەزدەکەم ئەو کوڕە کالمیکی یەی بێتەوە یاد کە لە مردن ڕزگاری کرد . . ئەو کوڕە کالمیکی یەی کە سەراپای ژیانی خۆی ، بەگۆرانیو سەماو هەڵپەڕکێ بە دڵە بچکۆلەو ئاواتە گەورەکانیەوە . . هەمووی بەم خەڵکی خوایە بەخشی . .

- بۆریا گۆرەییف - لەئێستگەی « چیرنۆریچینسکایا » ، لە بن سێ درەختدا نێژراوە . .

خوێنەرانی ئازیز ! !

توخوا ئەگەر ڕێتان کەوتە ئەم ئێستگەیە . . بڕۆنە لای ئەو سێ درەختەو دەسکە گوڵێکی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر گلکۆی بچکۆلەی برادەری منو برادەری خۆتان دابنێن . . . .

زۆری حەز لە گوڵ دەکرد . .

# ڕاســـت کردنـــەوە

تکایە پێش خوێندنەوەی چیرۆکەکە ئەم هەڵانە چاك بکەنەوە کە لـە کاتی چاپ کردندا ڕوویان داوە .

سـوپاس . .

× لەلاپەڕە [٤٧] لە دوای دێڕی دەیەمین دێڕێك پەڕیوە کە ئەمەیە :

« پێت ناڵێم ، ئەمە نهێنی خۆمانە . . نایدرکێنم »

| لاپەڕە | دێـــڕ | هەڵـــە | ڕاســـت |
| --- | --- | --- | --- |
| ٦ | ٨ | من وو | من بوو |
| ٧ | ٣ | درێژ بۆکرد | بۆ درێژ کرد |
| ١٠ | ١٢ | بەکرژی یەوە | کرژی یەوە |
| ١٣ | ١٢ | ئەوســـا | ئـاوا |
| ١٤ | ١٥ | بێ هەڵقوتاند | تێ هەڵقوتاند |
| ٢٠ | ٩ | دەدە | دەدا |
| ٢١ | ١٦ | دوای ووشەی ( چاکە ) | کەوانەکە دادەخرێ . . . » |
| ٢٣ | ٢١ | ئەوە | ئەو |
| ٢٥ | ٢٤ | تـا | نـا |
| ٢٩ | ١٤ | پەکەڵ تەو | بەکەڵ ئەو |
| ٣١ | ١١ | وە | و |
| ٣٢ | ١٠ | نەشتێ بوو | شتێ نە بوو |
| ٤٨ | ١٠ | بکەورێنێ | بکەوزێنێ |

# سوپاس

× زۆر سوپاسی کاك ( محمدزاده ) ی خۆشنووس دەکەم
که خەتی بەرگی بۆ نووسیم .

× سوپاس بۆ مامۆستا ( ساجید ئاواره و عارف کریم )
که سەرپەرشتی لەچاپ دانی ئەم چیرۆکەیان کرد .

× سوپاس بۆ کاك ( خەسرەو عزیز ) و هەموو کرێکارانی
چاپخانەی ڕاپەڕین که چاپ کردنی ئەم چیرۆکەیان
بە چوستی ڕاپەڕاند .

# THREE DRAWINGS

By : ALEXEI BALAKAYEV .

TRANSLATED FROM ENGLISH INTO KURDISH .

By : AZIZ GARDI

نرخی (٢٥٠) فلسـه


ژمارەی سپاردنی بەکتێبخانەی نیشتمانی ـ بەغداد ـ ٥٣٨ / ١٩٧٦

چاپخانەی ڕاپەڕین سلێمانی شەقامی کاوە تەلەفون ٢٢٦٥٦

١٠٠٠ / ٢٩ / ٦ / ١٩٧٦